# مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس
# سۆز و هەوێنی زیندووكردنەوەو بەرزڕاگرتنی شیعری كلاسیكی كوردی
# لە بەغداد


پ. ی. د. ژوان عبدالسلام عزیز گەردی [1]

١م كۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە,زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر,zhwan.azeez@su.edu.krd

**نووسەری پەیوەندیكار:** پ. ی. د. ژوان عبدالسلام عزیز گەردی*


---


## پوختە

مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس وەک كەسایەتییەكی بەرز و بێوێنەی نەتەوەی كورد؛ تەنها زانایەكی ئایینی و موفتییەكی گەورە نەبووە، بەڵكو دەستێكی باڵای هەبووە لە پاراستنی ناسنامەی ئەدەبی كوردی لە بەغداد دا، مودەڕیس توانی بەغداد و حوجرەكەی بكاتە مەڵبەندی ساغكردنەوەو زیندووكردنەوەی شوناسی كوردی و سەكۆیەک بۆ كۆكردنەوەی دەستنووسە هەرە دەگمەنەكانی شاعیرانی كلاسیكی كوردی؛ وەک (نالی، مەولەوی، مەحوی، سالم، هتد)، مودەڕیس بە سۆزێكی نەتەوەیی و وردبینییەكی زانستیانەوە كاری لەسەر دیوانی شاعیرە گەورەكان كرد، ئەو نەک تەنیا هەر شیعرەكانی كۆكردبێتەوە، بەڵكو بەهۆی شارەزایی قووڵی لە زمانەكانی (كوردی و عەرەبی و فارسی و توركی) گرێ و گۆڵە واتایی و لۆژیكی و فەلسەفی و زانستی شەرعی و هتد نێو شیعرە كلاسیكییەكانی كردۆتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شیعری كلاسیكی كوردی لە فەوتان ڕزگار بكات و جارێكی دیكە زیندوو و بەرزی بكاتەوەو بیخاتەوە بەر دیدو هەست و سۆزی نەوەی نوێ، ئەوەی مودەڕیس لە كەسایەتییەكانی تر جیا دەكاتەوە؛ ئەو سۆزە پاكە بوو كە بۆ شاعیرانی كورد هەیبوو، ئەو بە عەشقەوە شەرحی دیوانی نالی و مەولەوی و مەحوی .. دەكرد، ئەو سۆزە بوو كە بوو بە هەوێنێک؛ وا ئێستا نەتەوەكەمان شانازی بە ڕابردووی ئەدەبی خۆیەوە دەكات، بۆیە ئەم توێژینەوەیە كراوە بە دوو بەش: بەشی یەكەم (زەمینەی ناساندنی مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس لە بەغداد)ەو بەشی دووەمیش تایبەت كراوە بە (بەرهەمەكانی شیعری كلاسیكی كوردی لە چۆنیەتی زیندووكردنەوەو لێكدانەوەی كۆدەكانی شیعری كلاسیكی كوردی)دا، لە كۆتایشدا ئەنجامەكان و ئەو سەرچاوانەی كە سوودیان لێ بینراوە خراونەتەڕوو.



**وشە كلیلییەكان:** زانا، مودەڕیس، سۆز و زیندووكردنەوە، شیعر، كلاسیكی كوردی، بەغداد


---

## 1.پێشەكی

لە مێژووی ئەدەبیی نەتەوەكاندا، هەمیشە كەسانی تاقانە و دەگمەن هەڵدەكەون و دەبنە پردی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا و ڕێگری دەكەن لەوەی گەرد و تۆزی زەمەن؛ شوناسە ڕەسەنەكان كاڵ بكاتەوە، لەنێو مێژووی ئەدەبیاتی كوردیدا " مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس" وەک تاقەسواری مەیدانی زیندووكردنەوەی میراتی كلاسیكی كوردی دەركەوتووە، ئەو تەنها زانایەكی ئایینی و شەرعزان نەبوو، بەڵكو خاوەنی سۆزێكی نیشتمانی و هەوێنێكی مەعریفیی قووڵ بوو، كە وایلێكرد بێتە نێو كایەی كۆكردنەوەو ساغكردنەوەو لێكدانەوەی شیعری كلاسیكی كوردیدا، بۆیە ئەو سەردەمەی كە مودەڕیس لە شاری بەغداد نیشتەجێ بوو، قۆناغێكی زێڕین و پڕ لە بایەخ بوو بۆ ئەدەبیاتی كوردی، بەغداد لەو كاتەدا، تەنها مەڵبەندی فەتوا و وانەگوتنەوەی ئایینی نەبوو بۆ ئەو، بەڵكو ببووە تەكیەیەک بۆ ئەدەبیات و خەلوەتگەیەک بۆ ڕامان لەڕەوانبێژی و جوانییەكانی زمانی كوردی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی ناونیشانی ((مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس-سۆز و هەوێنی زیندووكردنەوەو بەرزڕاگرتنی شیعری كلاسیكی كوردی لە بەغداد)) بنیادنراوە، ئەو هەوێنەی كە مودەڕیسی پێ دەناسرێتەوە، تێكەڵەیەكە لە (عەقڵی شەرعی و دڵی ئەدەبی)، چونكە ئەو بە دیدێكی وردبینانەی شەرعی و ئەكادیمیانە، توانی ئەو گرێ كوێرە فەلسەفی و عیرفانییانەی لە شیعری كلاسیكدا هەبوون، بۆ نەوەكانی دوای خۆی بكاتەوە، بۆیە كارەكانی مودەڕیس لە بەغداد؛ تەنها ڕیزكردنی وشەو دێڕە شیعرەكان نەبوون، بەڵكو دووبارە بونیادنانەوەی شوناسی نەتەوەیی بوو لەڕێگەی دەقە ئەدەبییەكانەوە.

سنووری توێژینەوەكە: دابەش دەبێت بۆ؛ سنووری بابەت: تەنها لە چوارچێوەی هەوڵەكانی مامۆستا مودەڕیس لە زیندووكردنەوەی شیعری شاعیران لە ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردیدایە، سنووری شوێن: بەغداد وەک ناوەندێكی كولتووری و شوێنی زیندووكردنەوەی شیعری شاعیرانی كلاسیكی كوردی لە حوجرەو مزگەوتی حەزرەتی گەیلانیدا.

كەرەستەی توێژینەوەكە: بریتییە لە كتێبی یادی مەردان بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عوسمان سەراجەددین، لەگەڵ دیوانی شاعیرانی كلاسیكی كوردی (مەولەوی، نالی، مەحوی، سالم، فەقێ قادری هەمەوەند).

ئامانجی توێژینەوەكە؛ مودەڕیس گەرچی لە زێدی خۆی نەبووەو لە غوربەت ژیاوە بەڵام ڕۆڵێكی گرنگ و گەورەی هەبووەو بەغدای كردە ناوەندێكی زێڕین بۆ زیندووكردنەوەی میراتی ئەدەبی كوردی.

ڕێبازی توێژینەوەكە؛ وەسفی شیكاریی و مێژووییە، لە چۆنیەتی خستنەڕووی كارەكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

پێکهاتەی توێژینەوەکە؛ توێژینەوەکەمان بەسەر دەروازە و دوو بەش دابەش کردووە، بەشی یەکەمیان تایبەت کراوە بە چوارچێوەی تیۆری بۆ (ناساندنی مودەڕیس و هەوڵە زانستییەکانی) لەمیانەی دوو تەوەردا؛ تەوەری یەکەم: (دەستپێک بۆ ژیانی مودەڕیس)و تەوەری دووەم: (لایەنە زانستییەکانی ژیانی مودەڕیس لە کوردستان و بەغداد)، بەشی دووەمیش تایبەتکراوە بە (بەرهەمەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لە چۆنیەتی زیندووکردنەوەو لێکدانەوەی کۆدەکان لە لایەن مامۆستا مودەڕیس)ەوە، لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ بینراوە خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم؛ ناساندنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و هەوڵە زانستییەکانی:**

**تەوەری یەکەم؛ دەستپێکێک بۆ ژیانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس:**

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە یەکێک لە هەرە کۆڵەکە گەورەو بەهێزەکانی ئەدەب و زانستی شەریعەت و تەریقەت دادەنرێت، دەور و کاریگەری مودەڕیس لە بەغداد بە تایبەت لە تەکیەو مزگەوتی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) تەنیا وەک زانایەکی ئایینی نەبووە، بەڵکو سێنتەرێک بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد و بەرهەمەکانیان و ساغکردنەوەی بەشێک لە بەرهەمی شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی؛ لەپێناو پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، چونکە مودەڕیس ڕاستە لە بەغداد بوو، بەڵام هەمیشە لە خزمەت نەتەوەکەی بووەو هەرگیز لە خەمی نەتەوەو زمانەکەی دانەبڕاوەو لە زانا هەر بێ وێنەکانە کە توانی ئایین و نیشتیمانپەروەری و زانستی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت و ئەدەب و شیعر بەتایبەت بەجوانترین شێوە برەویان پێبدات و زیندوو و نوێ و کۆ و ساغیان بکاتەوە، لێرەوە باس لە سەرەتایەکی گرنگی ژیانی زانای کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەکەین:

**(١-١) ناو و ڕەچەڵەکی مامۆستا مودەڕیس:**

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (باوەشێنی دڵ) ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوەو تیایدا زۆر وردو جوان ناو و ڕەچەڵەکی خۆی بە دەستە بەبرشتەکانی نووسیوەتەوەو فەرموویەتی: ((من ناوم (عبدالکریم) کوڕی (محمد) گوندی زایندەی دێی (تەکیە) لە لای مەرکەزی ناحیەی خورماڵ، کوڕی (فتاح) کوڕی (سولەیمان) کوڕی (مصطفی) کوڕی (حەمە خەجێ) لە عەشیرەتی مەشهور بە هۆزی قازیم، ئەم قازی ناوە لە نەتەوەی (بابا ئاغا)ی کوڕی (خالد ئاغا)یە، لەپێش چوار سەد ساڵی لەمەوپێش لە قەزای پشدەرەوە هاتوون بۆ (دۆڵی گەلاڵ) لە ناحیەی (سرۆچک) لە نزیک دێی (بەرزنجە) دامەزراوە، دایکی خۆم (خانم) خەڵکی دێی (سورەجۆ) لە نزیکی شانەدەرەو لە عەشیرەتی (شێخ سمایل)ی بووە)) (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٢٥)، شانەدەر سەر بە ناحیەی سەیدسادقەو بە ئێستاشەوە لە ناوەندی ناحیەی سەیدساق (شارەزوور) لە قەزای هەڵەبجەو گوندی (مایندۆڵ)و گوندەکانی دیکەی دەوروبەری نیشتەجێن (المدرس، 1410هـ، ١٣٦)، دانیشتووانی ئەم ناوچانەش هەمووی کوردن (الرومي، ١٩٧٧، ٣٧٥)، واتە مامۆستا مودەڕیس کوردەو لەبەغدادەوە گەورەترین خزمەتی بە زانست و ڕۆشنبیران و شاعیران و نووسەرانی کورد گەیاندووە و سەرووی هەموو ئەمانەش خزمەتێکی بێسنووری بە زانستی شەرعی و تەریقەتی نەقشبەندی کردووە، مامۆستا گەرچی لە بەغداد ژیاوە بەڵام دڵی بۆ کورد و کوردستان لێداوە، بەمشێوەیە خاڵێکی گرنگ ئەوەیە؛ مامۆستای پایە بەرز خۆی ناو و بنەچە و ڕەچەڵەکی باسکردووە، بە هۆیەوە توێژەران لە دوو دڵی و ڕاڕایی دوورخستوتەوەو ئاسان وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی مامۆستا مودەڕیسمان کەوتوتە دەست.

**(١-٢) ساڵ و شوێنی لەدایکبوون و کۆچی دوایی مامۆستا مودەڕیس:**

**(١-٢-١) ساڵی لەدایکبوونی مامۆستا مودەڕیس:**

عەللامە مەلا مودەڕیس دەربارەی ساڵی لەدایکبوونی بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وا مامۆستا مودەڕیس خۆی چەند مێژوویەکی بۆ لەدایکبوونی نووسیوە، بۆیە وایکردووە ساڵی لەدایکبوونی بە تەواوەتی نەزانرێت و بە دیاریکراوەیی دیار نەبێت؛ لەوانە:

لە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين) مودەڕیس دەفەرمووێت: ((لە ڕەبیعی یەکەمی وەرزی بەهاردا ساڵی (١٣٢٣هجری) لەدایکبووەم)) (المدرس، ١٩٨٣، 324)، بە هەمان شێوە لە کتێبی (باوەشێنی دڵ)دا باسی لە هەمان ساڵ کردووەتەوەو فەرموویەتی: ((من لە ساڵی هەزار و سێصەدو بیست و سێ (١٣٢٣)ی کۆچیدا لە مانگی ربيع الأول لە مەوسمی بەهار لەدایکبووم)) (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٢٨)، کە دەکاتە (١٩٠٥ز).

بەڵام لە کتێبی (ڕۆژگاری ژیانم)دا فەرموویەتی: ((باوکم لە تاریخی (١٣١٥)دا ژنی هێناوە، دایکم (خانم) ناوە، لە تاریخی (١٣١٧)دا ئامینەی خوشکم لەدایکبوو، لە هەزارو سێسەدو بیست و یەک (١٣٢١)ی هجری لە ئەووەڵی بەهارا من لە دایکبووم، لە (١٣٢٢)دا ڕابیعەی خوشکم لە دایکبووەو لە ساڵی (١٣٢٥)دا باوکم وەفاتی کردووە))( مودەڕیس، ١٣٩٤ هەتاوی، ١٨)، بە پێی ئەم ساڵە بێت تەمەنی مامۆستا چوار ساڵ بووە کە باوکی وەفاتی کردووە، بەڵام لە کتێبی (باوەشێنی دڵ)دا لەبارەی وەفاتی باوکییەوە فەرموویەتی: ((بیرم دێ لە زستانی هەزارو سێصەدو بیست و شەشی (١٣٢٦)ی کۆچیدا لە نزیکی ئاخری باوکم متوفی بوو)) (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٣١)، واتە بەپێی ئەم ڕێککەوتە بێت تەمەنی مەلا مودەڕیس پێنج ساڵان بووە.

لە کتێبی (فەرهەنگی دوو ڕشتە) جەختی لەسەر هەمان ساڵی (١٣٢١) کردووەتەوەو هاتووە: ((مودەڕیس لە ساڵی (١٣٢١= ١٩٠٣زاینی) واتە ٦٧ ساڵ دوای وەفاتی (شێخ مەعروفی نۆدێ) لە دایکبووە)) (مودەڕیس، ١٤٠٠هەتاوی، ١٤)، کە هاوتایە لەگەڵ ساڵی (١٩٠٣ز).

لە لایەکی دیکەوە مامۆستا موحەممەدی کوڕی مامۆستای مودەڕیس دەفەرمووێت: لە باوکم بیستم کە فەرمووی: (لەو ساڵەدا لەدایکبووم کە حەزرەتی شێخ عومەر ضیائەددینی بیارە وەفاتی کردووە)، ئاشکرایە کە شێخ ضیائەددین لە ساڵی (١٣١٨ک - ١٩٠٠ز) وەفاتی کردووە (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٣٣)، ڕایەکی دیکە هەیە ئەویش ڕای (عبدالدائم)ە جەخت دەکاتەوە کە مودەڕیس لە (١٣١٧) لەدایکبووە (سعید، ٢٠١٢، ٣٧)، لەمەوە دەردەکەوێت کە مودەڕیس پێش ساڵی ١٣٢٣ لەدایکبووە، بەڵام بەپێ بۆچوونی

مامۆستا موحەممەدی کوڕی مەلا مودەڕیس بێت؛ مامۆستای پایە بەرز لە (١٩١٨) لەدایکبووەو دونیای ڕۆشن کردۆتەوە، بۆیە وتراوە ((دروستترینیان ساڵی (١٣١٨ک)یە، بەپێی وتەی مامۆستا موحەممەدی کوڕی کە لە زمانی دایکییەوە گێڕاویەتیەوو ئەمیش لەسەر زاری نەوەی مامۆستا مودەڕیس (ژیوار موحەممەد مودەڕیس)ەوە وەرگیراوە، کە مودەڕیس لە ساڵی کۆچی دوایی شێخ عومەر ضیائەدیندا لەدایکبووەو کۆچی شێخ ضیائەدینیش درووست ئەو ساڵەیە)) (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٧)، بەمشێوەیە دەردەکەوێت مودەڕیس پێش ساڵی ١٣٢٣یی کۆچی لەدایکبووەو چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە درووستی نازانرێت لە کام لەم ساڵانە ساڵی دروستی لەدایکبوونی مامۆستاو مەلا مودەڕیسە، چونکە نیشانەو ئاماژەکان سەد لەسەد دڵنیایی نادەن بەدەستەوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان ساڵی ١٣١٨ بە ساڵی لەدایکبوونی مەلا مودەڕیس دادەنێن.

**(١-٢-٢) شوێنی لەدایکبوونی مامۆستا مودەڕیس:**

سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوونی مودەڕیس بەهەمان شێوە تێکەڵاوی و لێکتێنەگەیشتنێکی زۆر هەیە؛ هەندێ لەو نووسەرانەی ژیاننامەیان نووسیوەتەوە دەڵێن: مودەڕیس لە دێی تەکیەی سەر بەناحییەی خورماڵ لەدایکبووە، ئەمەش بە دروست نازانرێت، چونکە دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو ژیاننامەیەی کە لە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين) مودەڕیس ئاماژەی بۆ کردووە کە دەڵێت: (من عەبدولکەریم کوڕی موحەممەد کە لەدایکبووی دێی تەکیەی نزیک ناحیەی خورماڵ)ە (المدرس، ١٩٨٣، ٣٢٤)، بەڵام لە ڕاستیدا لێرەدا باسی لە شوێنی لەدایکبوونی باوکی کردووە، چونکە لە کتێبی (ڕۆژگاری ژیانم)دا زۆر بە ڕوونی مامۆستا مودەڕیس فەرموویەتی: ((موحەممەدی باوکم لە دێی (تەکیە)دا لە تاریخی (١٢٨٥ک) لەدایکبووە)) (مودەڕیس، ١٣٩٤هـ، ١٧).

مامۆستا مودەڕیس لە بەرهەم و نووسین و ژیاننامەکانیدا باسی شوێنی لەدایکبوونی خۆی نەکردووە، بەڵام موحەممەدی کوڕی مامۆستا مودەڕیس ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە لە باوکی بیستووەو فەرموویەتی: (لە گوندی (گۆیزە کوێرە)ی سەر بە ناوچەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبوومە) (سعید، ٢٠١٢، ٣٥)، ئەم بۆچوونە بە درووست دەزانرێت چونکە زانیارییەکان لەسەر زاری مودەڕیسەوە لە لایەن کەسی یەکەمی مامۆستا مودەڕیسەوە گێڕدراوەتەوەو وەرگیراوە.

**(١-٢-٣) کۆچی دوایی (وەفاتی) لەدایکبوونی مامۆستا مودەڕیس:**

وەفاتی ئەم زانا گەورەیە لە شەوی سێشەممە ٢٩ی ئابی ساڵی ٢٠٠٥ز، بەرامبەر بە ٢٥ی ڕەجەبی ساڵی ١٤٢٦ک؛ کۆچی دواییکردووە، دوای ئەوەی نوێژ لەسەر تەرمە پیرۆزەکەی کرا، لە گۆڕستانی گەیلانی لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە زاناو نووسەران و فێرخوازان و خۆشەویستانی بە خاک سپێردرا (أحمد، ؟، 103)، بێگومانی ڕۆژی کۆچی دوایی ئەم زانایە، ڕۆژێکی خەمناک بوو بۆ زانایان و شاعیران و ئەدەب دۆستان و فەقێیەکان و خەڵک بەگشتی لە کورد و عەرەب.

**(١-٣) پەروەردە و پێگەیشتنی مامۆستا مودەڕیس:** دابەش دەبێت بۆ؛

**(١-٣-١) سەرەتای ژیانی مامۆستا مودەڕیس:**

مامۆستا و مەلا مودەڕیس بەپێی شوێنی لەدایکبوون و پێگەیشتن و گەشەکردنی لەناو ژینگەیەکی لەباری ئایینی و لە خێزانێکی گۆشکراو بە شەریعەت و تەریقەت و بنەماڵەیەکی عیرفانیدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، باوکی بە (سۆفی محمد) ناسرا بووەو یەک بووە لە لایەنگر و پەیڕەوانی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی، بۆیە مودەڕیس زۆر بچووک بوو کاتێ باوکی بردویەتییە حوجرەی گوندەکەیان (گۆیزەکوێرە) بۆ فێربوونی ئەلف و بێی و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز (المدرس، ١٩٨٣، ٣٢٥)، پاشان لە گوندەکانی (بەیەڵە، ئەسراوا، کانی سانان، لەنجاوا) لە لایەن کۆمەڵێ مەلاو مامۆستای ئایینی لە خوێندن بەردەوام بوو، لە کۆتایی خوێندنیدا چۆتە خزمەت مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی ناسراو بە (إبن القرداغي) لە خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە سلێمانی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە لای ماوەتەوەو کۆتا ماددەکانی خوێندنی تەواو کردووەو لە مانگی شەعبانی ١٣٤٣ک – ١٩٢٥ز ئیجازەی زانستی لە مامۆستا قەرەداغی وەرگرتووە (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٧)، مامۆستا مودەڕیس بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە بۆیە هەر لەتەمەنی منالییەوە لە حوجرە بیرو زەینی بە دونیای شەریعەت و تەریقەت گۆشکراوە و تەواوی قورئانی پیرۆز خەتم دەکات، بێجگە لە قورئانی پیروز هەر دوانزە علمەکە لە (صرف و نحو و بەلاغەو ...) وەرگرتووە، سەرەڕای خوێندنەوەی کتێبی دینی و ..، ئەم بەهرەیە هەر وا لە خۆوە نییە بەڵکو بەهرەیەکە خودا پێی داوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مامۆستا مودەڕیس بگات بە پلەی بەرزترو باڵاتر.

**(١-٣-٢) مەلایەتی و تەدریسکردنی مامۆستا مودەڕیس:**

مامۆستا مودەڕیس دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی و وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی بە پێویستی زانی هەڵسێت بە ئەنجامدانی کاری بانگەوازی بۆ خودای تاک و ڕێنماییکردنی خەڵک و گەیاندنی پەیامی ئایینی پێیان، هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٤٦ک لەگەڵ ژمارەیەک فێرخوازان لە شاری سلێمانییەوە ڕووی کردە گوندی (نێرگسەجاڕ)ی نزیک قەزای هەڵەبجە و دەبێتە مودەڕیس تا لەوێ دەست بکات بەکاری پێشنوێژیی و وتارخوێنی و وانەوتنەوە (مودەڕیس، ١٣٩٤ هەتاوی، ١٣٦) ماوەی سێ ساڵ و چوار مانگ لەوێ تەدریسی کردووەو کۆمەڵێ فەقێی هەبووە (أحمد، ؟، ١٠٣)، بەڵام لە موحەڕەمی ١٣٤٧ک واتە (ناوەڕاستی ١٩٢٨ز)دا لەسەر داوای شێخی بیارە (شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی) چوو بۆ ناحیەی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

بیارەو لەوێ بوو بە مودەڕیس لە خانەقای بیارە، کە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا چەند کتێبێکی نووسیوەو هەندێکی بووە بە بەرنامەی خوێندن، بێجگە لەوەی سەدان فەقێ لە خزمەتیدا خوێندوویانە و ٤٥ فەقێش لەسەر دەستی ئیجازەیان وەرگرتووە (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٨)، لە ساڵی ١٣٧١ک – ١٩٥٠ز بیارە جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە سلێمانی و دەبێت بە مودەڕیسی مزگەوتی (حاجی حان) تا ساڵی ١٣٧٤ک – ١٩٥٤ز دوای ئەوە بەرەو کەرکوک دەچێت و لە (تەکیەی تاڵەبانی) بووە بە مودەڕیس و کۆمەڵێک فەقێی هەبووەو چەند ئیجازەیەکی زانستیشی بەخشیوەو تا ساڵی ١٣٨٠ک -١٩٦٠ز دواتر چۆتە شاری بەغداد، لەوێ بە فەرمانی کۆماری کە لە بەرواری ١٩٦٠/٨/١١ دەرچوو بووە بە وتاربێژو پێشنوێژ و مودەڕیسی مزگەوتی (ئەحمەدی) دەستبەکاربوو، دوای ئەوە نووسراوێکی پێشکەشکرد بۆ وانەوتنەوە لە (مزگەوتی قادری)، ڕەزامەندی لەسەر درا تا ببێتە مودەڕیسی مەدرەسەی (عاتیکە خاتوون) لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغداد (معروف، 2006، 35)، بەردەوام بوو لە تەدریس تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٧٣ز خانەنشین کرا (المدرس، 1983، 329)، بەمشێوەیە مامۆستا پێگەیشت و بووە بە مودەڕیسێکی دیارو زانایەکی شکۆداری نێو نەتەوەی کورد و عەرەب.

### (١-٣-٣) قۆناغی ژیانی مامۆستا مودەڕیس لە بەغداد:

مامۆستا مودەڕیس دوای ئەوەی ڕوو دەکاتە بەغداد لەوێ وەک وتمان لە ساڵی ١٩٦٠ لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە ناونیشانی مودەڕیس دامەزرا، لە حوجرەکەیدا وانەی بە فەقێکان دەگووتەوەو زیاتر لە ٥٠ فەقێ لەسەر دەستی مۆڵەتی زانستیان وەرگرتووە، هەر لەو کاتەوە بەبێ پشوودان خەریکی وانەوتنەوە بووە لە زانستە شەرعی و وێژەیی و عەرەبییەکاندا (مودەڕیس، ١٤٠٠ هەتاوی، ١٤)، بۆیە قۆناغی ژیانی مامۆستا مودەڕیس لە بەغداد بە پڕبەرهەمترین قۆناغی ژیانی دادەنرێت، جگە لە تەدریسی بەردەوام، دەیان پەرتووکی بەنرخیشی لەو ماوەیەدا نووسیوەو زۆریشی لێ چاپکردوون، بۆ ماوەی چەندین ساڵیش موفتی عێراق و مەرجەعی زانایان بووە، لەماوەی ژیانی لە بەغداد پەناگەی ئەوانە بووە، کە هاتوچۆی بەغدایان کردووە لە نەتەوە جیاوازەکان و کاری کەسی و میری بۆ ئاسان کردوون، بەتایبەت ئەو کوردانەی لەشارو ناوچەکانی کوردستانەوە چوونەتە بەغدا، مامۆستا بۆیان ببووە پەناگەیەکی میهرەبان (مودەڕیس، ٢٠٠٢٣، ٨).

### (١-٤) ناسناوی مامۆستا مودەڕیس:

مامۆستا مودەڕیس چەندین ناسناوی هەبووەو پێی ناسراوەتەوە، کە لەکۆتایی بەرهەم و دانراوەکانیدا دەردەکەوێت، لەوانە:

### (١-٤-١) ناسناوی مامۆستا عەبدولکەریم بە مودەڕیس:

(مودەڕیس): مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەم ناسناوەی لە لایەن (شێخ موحەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی)یەوە پێدراوە هەر وەک لە کتێبەکەی (سراج القلوب)دا دەفەرموێت: ((زانای گەورەو کۆکەرەوەی هەموو زانستەکانی ئیسلامی؛ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بوو (مد ضله) ناسناوی (مودەڕیس)ی پێ بەخشراو بەو ناسناوەش ناسراو ناوبانگی دەرکرد، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە بۆ ماوەی بیست و پێنج (٢٥) ساڵ لە بیارە بۆ وانەگوتنەوە مایەوە)) (سراج الدین، ١٩٩٠م، ٧٦) لەو نێوەندەدا بیست و چوار ساڵ لە بیارە خەریکی پیشەی وانەوتنەوە بووە (المدرس، ١٩٨٣، ٣٢٨)، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە دیمانەیەکدا فەرموویەتی: ((ئەم ناسناوەم بە هۆی بەردەوامبوونم لەوتنەوەی زانستە ئایینییەکانەوە وەرگرتووە، من لە تەمەنی بیست ساڵییەوە وانەم بەقوتابیان وتووەتەوە، بە دیاریکراوی لەو کاتەوی کە لە ناوچەی (بیارە) لە پارێزگای سلێمانی بووم)) (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٣٧-٣٨).

ناونانی بەم ناسناوە (مودەڕیس) بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

- بە هۆی زۆری وانەوتنەوەو بەردەوامبوون لەسەر وتنەوەی زانستی ئایینی و شەرعییەکان بە نزیکەی (٨٠) ساڵ بەبێ دابڕان؛ پێی بەخشراوە.

- بۆیە ناوبانگی بە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەرکردووە؛ بە هۆی گەڕانەوەی زانایانی عیراق و کوردستان بۆ خزمەتی مامۆستا و پرسیارلێکردنی لەبابەتگەلێکی گرنگ و گران و تەمومژاوییەکاندا، (سلیم، 20001، 4)، بەمجۆرە ئەم ناسناوە لە عیراق بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بووەتە ناسنامەو نیشانەیەکی تایبەت بۆ ئەم کەڵە پیاوە زانستخوازە، لەهەمان کاتدا خۆشەویستی مامۆستا مودەڕیس بۆ تەدریسی زانستە شەرعییەکان و بابەتە ئایینییەکان دەسەلمێنێت.

### (١-٤-٢) ناسناوی مامۆستا عەبدولکەریم بە نامی:

مامۆستا مودەڕیس ناسناوی (نامی) بۆ شیعرەکانی هەڵبژاردووە، کە بە واتای ناودارو بەناوبانگ و گەشەی بەردەوام و دیار دێت، ئەم ناسناوەی لە نێو دێرە شیعرەکانی هێناوەتەوە، لە چوارینەیەکی شیعرییدا هەردوو ناسناوی زانستی (مودەڕیس) و شیعری (نامی) باسکردووەو دەفەرمووێت:

**ناو و نیشانم بەشێوەی خالیص**
**عەبدولکەریمی لەقەب مودەڕیس**
**نازناوی شیعرم بەشێوەی عامی**
**بۆ بابی ئەدەب ئەنووسم نامی** (مدرس، ١٩٨٥، ٢٢٦)

ناونیشانی ڕاستەقینەو تەواوی من عەبدولکەریمی ناسناو بە مودەڕیس، ناسناوی شیعریشم بەگشتی و بۆ ئەدەب نامی دەنووسم، واتە مامۆستا ویستوویەتی لە ئەدەب و شیعر بەتایبەت بە نامی بناسرێت، سەرەڕای شیعرەکانی؛ ئەم ناسناوەی لە ناونیشانی سێ لە پەرتووکەکانی نووسیوە: (بەدیع و عەرووزی نامی، تەفسیری نامی، خولاصەی تەفسیری نامی).

### (١-٤-٣) ناسناوی مامۆستا عەبدولکەریم بە کوردی:

مودەڕیس بە شانازییەوە ناوی خۆی دەداتە پاڵ نەتەوەکەیەوە کە دەڵێت: من (عەبدولکەریم کوڕی موحەممەد کوڕی فەتاح کوردی مودەڕیس) (المدرس، 1969، 270)، ئەمەش بۆ بەرزی هەستی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، کە کوردەو خوێنی سووری کوردبوون لە گیانیدا کاڵ نابێت.

**(١-٤-٤) ناسناوی مامۆستا عەبدولکەریم بە شارەزووری:**

مامۆستا مودەڕیس ناوی داوەتە پاڵ نەتەوەو عەشیرەتەکەی کە دەڵێت: (عەبدولکەریم کوڕی موحەممەد کوردی شارەزووریی) (المدرس، ١٩٩٠، ١٣٦)، بۆ خۆشەویستی و گەورەیی شوێنی زێدی باو و باپیرانی دەگەڕێتەوە.

**(١-٤-٥) ناسناوی مامۆستا عەبدولکەریم بە کوڕی سۆفی:**

ئەم ناسناوەی لەسەرەتای ژیانیدا لە خۆی ناوە، بە هۆی ئەوەی کوڕی پیاوێکی سۆفی و شوێنکەوتەی تەریقەتی نەقشبەندی و خواناس (سۆفی محەممەد) بووە (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٣٩)، لەبەر خۆشەویستی بۆ باوکی و ئەو تەریقەتە ئەم ناسناوەی لەسەرەتای تەمەنییەوە بۆ خۆی داناوە.

**(١-٤-٦) ناسناوی مامۆستا عەبدولکەریم بە بیارە:**

هۆکاری دانان و دانپاڵی بیارە لە دوای ناوی مامۆستا (عبدالکریم بیارە المدرس)، بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە:

- بە هۆی وانەوتنەوەی مامۆستا لە بیارە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ.
- بۆ جیاکردنەوەی مامۆستا مودەڕیس لە مودەڕیسەکانی بەغداد (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٤٠)
- بۆ جیاکردنەوەی ئەو دانراوانەی مامۆستا کە لە بیارە نووسیویەتی، بەمشێوەیە مامۆستا مودەڕیس بە چەندین ناسناوی تر؛ ناو و ناوبانگی لەنێو چین و توێژە جیاوازەکان لە زانایانی ئایینی و مامۆستا و مەلاکان و شاعیران و نووسەرانی کوردو عەرەب دەرکردووە

**تەوەری دووەم؛ لایەنە زانستییەکانی ژیانی مامۆستا مودەڕیس لە کوردستان و بەغداد:**

لایەنە زانستییەکانی ئەم زاتە لەهەردوو وێستگەی ژیانی لە کوردستان و بەغداد دا فرە ڕەهەند و دەوڵەمەندە، مودەڕیس یەکێک بووە لە هەرە زانا و بیرمەندە گەورەکانی کورد، دڵسۆزی ئەو کەم وێنە بووە، لە بەغدادەوە خزمەتی بە نەتەوەکەیەوە دەکرد، سەرەڕای خزمەتکردنی بە زانستە شەرعی و ئالییەکان، بۆ درێژەدان بە لێهاتوویی کارە زانستییەکانی ئەم زانا پایەبەرزە لەم لایەنانەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:

**(٢-١) بەهای زانستە شەرعی و ئالیی لە لای لە مامۆستا مودەڕیس لە کوردستان و بەغداد:**

بەهای زانستە شەرعیی و ئالییەکان لای مامۆستا مودەڕیس تەنها لە چوارچێوەی پەرتووک و تەدریسکردن نەمایەوە، بەڵکو بووە قوتابخانەیەکی فکری و ڕەوشتی، کە نەوەیەکی زۆری لەسەر پەروەردە بوو، مامۆستا پێی وابوو بەهای زانستی شەرعی لەوە دایە کە چەندە دەتوانێت خزمەتی مرۆڤ بکات، زانستێک سوود نەبەخشێت ئەوا بێ بەهایە، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگی و بەهای زانستەکان لە لای مامۆستا مودەڕیس:

**(٢-١-١) بەهای زانستە ئالییەکان لە لای مامۆستا مودەڕیس لە کوردستان و بەغداد:**

زانستی ئالی یاخود (زانستی ئامراز و کەرەستە) لە لای مامۆستا وەک کلیل وابوو بۆ کردنەوەی دەرگای تێگەیشتن لە ئایین، کە بریتیین لە: (نەحو، سەرف، ژیربێژی (مەنتق-لۆجیک)، بەلاغە، فەلەکناسی، بیرکاری، فەلسەفە، کێشناسی (عەروض و قافیە) و هەندەسەی کۆن)دا، مامۆستا مودەڕیس شارەزاییەکی وردی لە زانستەکانی ئالی هەبووە، لە بەشێکیاندا دانراوی هەیە (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ١٠)، چونکە مودەڕیس لەسەرەتای تەمەنییەوە کتێبی (تەصریفی زەنجانی (سەرف) و شەرحی سیوطی (نەحو) و مەنتیق و تەشریع لە فەلەکیات و عیرفان و تەسەوف و مێژوو و ..) لەسەر دەستی زاناو مەلاکان لە حوجرەو خانەقادا خوێندووە (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٥٠-٥١)، بۆیە مامۆستا مودەڕیس پێی وابوو؛ گەر شارەزاییەکی قووڵ لەم زانستانەدا نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت بە دروستی لە زانستە شەرعییەکان و زانستی (قورئان و فەرموودە)دا تێبگات، بۆیە پەرتووکگەلێکی لەسەر ئەم زانستانە داناوە بەتایبەت (سەرف و نەحو)، بە وردەکارییەکی تەواو و ورد دواوە، چونکە ڕێزمان و زمان بەرهەمهێنی مانایەو ڕێ نیشاندەرو تێگەیشتنی زیاتر لە زانستە شەرعییەکان و هتد، دەبێت.

مامۆستا مودەڕیس لە خزمەت مامۆستا (مەلا محمد سەعیدی عەبابەیلێ)دا کتێبی (گلنبوی البرهان) لە زانستی مەنتیقدا دەخوێنێت (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٥٢)، ئەمەش وایکردووە شارەزاییەکی زۆری هەبێت، دوای ئەوە مامۆستا فەرموویەتی: ((لەساڵی ١٣٥٣ک بوو رسالەیەکم لە علمی منطق دا بە عنوانی (مفتاح) تالیف کرد، ئەم رسالەیە هەر چەن کورتە، إبتدائیە، بەڵام مەزبوت و جوانە، گەڵی طلبە نووسیانەوەو خوێندیان)) (مەعروف، ٢٠٠٧، ٥٠)، سەرەڕای ئەمە چەندین کتێبی لەسەر ئەم زانستە نووسیوە، چونکە مامۆستا گرنگییەکی زۆری بە مەنتق دەدا بەمەبەستی ڕێکخستنی بیرکردنەوەو وەڵامدانەوەی گومانەکان، پێی وابوو عەقل و نەقل دژیەک نین بەڵکو مەنتیق یارمەتی مرۆڤ دەدات دەق و شتەکان بە عەقڵانی شیبکاتەوە، بێجگە لەم زانستە لە زانستەکانی دیکەی ئالیشدا دەستێکی باڵای هەبووە.

مامۆستا سەلیقەیەکی بێ وێنەی هەبووە لە ڕەوانبێژی (بەلاغە) بەتایبەت بەدیع و بەیان، چەند دانراوێکیشی هەیە یەکێ لەوانە: بەدیع و عەرووزی نامی، بە زمانی کوردی ((لە ساڵی ١٩٨٨ لە حوجرەی مەدرەسە لە مزگەوتی حەزرەتی شێخ عبدالقادری گەیلانیدا (قدس سرە) )) (مدرس، ١٩٩١، ١٤٣)نووسیویەتی، بەهاکەی تەنیا بەخشینی جوانییەکی ڕووکەشی زمان نییە، بەڵکو زانستێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و کرۆکی دەقی ئەدەبی و شیعری شاعیران بەتایبەت شیعری کلاسیکی کوردی.

**(٢-١-٢) بەهای زانستە شەرعییەکان لە لای مامۆستا مودەڕیس لە کوردستان و بەغداد:**


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name**[**Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date:** [**2026/2/24**], **Accepted Date:** [**2026/3/31**], **Published Date:** [02/08/2026]

زانستە شەرعییەکان (تەفسیر، فەرموودە، فیقە و عەقیدە) لای مامۆستا مودەڕیس تەنها کۆمەڵە دەقێکی مێژوویی و تیۆری نەبوون، بەڵکو وەک بەرنامەی ژیان و ڕۆشنایی و ڕێنیشاندەری ژیانکردن سەیری دەکردن، پێی وابوو فیقهـ بەبێ تەسەوف جەستەیەکی بێ ڕوحە، لای مامۆستا زانای شەریعەت دەبێت پێش هەموو کەس خۆی خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و سۆفییەکی ڕەسەن بێت، مودەڕیس لە کۆتایی قۆناغی خوێندنی لە حوجرە کتێبی (جمع الجوامع)ی سبکی لە (زانستی ئوسوڵی فیقە) خوێندووە (جمیل، 2013، 552)، بەهای فیقە لای مامۆستا لەوەدا بوو، کە چۆن شەریعەت ببێت بە بەرنامەیەک بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بنێت.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە گەورەترین بەهای زانستی لای مودەڕیس لە تەفسیردا کورت بووەتەوە، پێی وایە قورئانی پیرۆز دەبێت بە زمانێک تەفسیر بکرێت، کە نەک هەر زاناکان بەڵکو خەڵکی ئاسایی ش تێبگەن و سوودی لێ ببینن و لێی فێر بن و گرێ کوێرەکانیان بەئاسانی بۆ بکرێتەوە، بۆیە چەند کتێبێکی تەفسیری قورئانی پیرۆزی نووسیوە لەوانە: ((مواهب الرحمن فی تفسیر القرآن، تەفسیری نامی، خولاسەی تەفسیری نامی) لە بەغداد بە زمانی کوردی و عەرەبی)) (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٧٨-٧٩) نووسیوە، بۆ ئەوەی قورئانی پیرۆز بکرێتە دەستوورێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، واتە خوێندنی تەنها بۆ پاداشت نەبوو، بەڵکو وەک نورێک دەویست بۆ چاککردنی کۆمەڵگەو پاراستنی مافی مرۆڤ، مامۆستا لە زانستی عەقیدەشدا شارەزاییەکی لەبن نەهاتووی هەبووە، چەندین کتێبی لەمبارەیەوە نووسیوە، لەپێناو ئەوەی کۆمەڵگە بە جوان و ڕەوانی لە ڕوکنەکانی ئیمان و ئیسلام شارەزا بین و سەرگەردان نەبن.

**(٢-٢) خۆشەویستی و گرنگیپێدانی مامۆستا مودەریس بۆ زمان و ئەدەبی کوردی:**

زمانی کوردی لە لای مامۆستا مودەڕیس تەنیا وەک ئامرازێکی سادەی قسەکردن نەبووە، بەڵکو ناسنامەی نەتەوەیی و پرۆژەیەکی زانستی بووەو وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە ئایین و ئەدەب دەبینی، ((مامۆستا مودەڕییس زۆر خەمخۆری گەلەکەی بوو، کە دەیبینی ڕۆژ بە ڕۆژ نەزانی زیاتر بڵاو دەبێتەوە، بۆیە بوێرانە دەستیدایە نووسین بە کوردی و زۆر لایەن و سوچی خاڵی کتێبخانەی کوردی ڕۆشن و ڕووناک کردەوەو کوردیش بە زمانی خۆی توانی تەقە لە دەرگای زۆرێک لە زانستەکانی علومی قورئان و حەدیس و بدیع و عەروز .. بدات، ئەو دەرگایە بە دەستی مودەڕیس خرایە سەر پشت بۆ نەوەی ڕابوونی ئیسلامی)) (مەعروف، ٢٠٠٧، ٨)، لێرەدا گرنگترینی ئەو خاڵانە دەخەینەڕوو، کە دەری دەخەن مامۆستا چەندە خەمخۆری زمانی کوردی بووە، لەوانە:

**(٢-٢-١) بە کوردیکردنی وتاری ئایینی (خوتبە):**

مامۆستا مودەڕیس بەچەندین تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، یەکێک لەوانە: مودەڕیس یەکەمین کەس بوو، کە بە زمانی کوردی وتاری مینبەری بۆ وتارخوێنانی (هەورامان و شارەزوو) نووسی (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ١٠٩)، واتە لە کوردستان وتاری هەینی بە زمانی کوردی داناوەو بە کوردیش وتارەکەی خوێندۆتەوەو بە دەستنوسی کوردی ئەو کاتەش بڵاوی کردوەتەوە، خانەقای بیارە یەکەم جێگەیە کە وتاری هەینی بە زمانی کوردی خوێنراوەتەوە (مدرس، ٢٠١٥، ١٤)، ئامانجی مامۆستا مودەڕیس لە وتاردان بە زمانی کوردی بۆ ئەوە بوو خەڵک بە جوانی لە پەیامی ئایینی ئیسلام تێبگات، چونکە پێی وابوو وتار بۆ ئەوە دەوترێت تا خەڵک تێی بگات، بۆیە بەزمانی دایک وتاری دا، ئەم کارەی مودەڕیس ڕێگە خۆشکەر بوو لەبەردەم زانایانی کورد، کە پێشتر هیچ کەس پێیدا نەڕۆیشتبوو و وتاریان بە زمانی کوردی نەدابوو، ئەم دەروازەیە لەسەر دەستی ئەم کەڵە زانایە کرایەوە.

**(٢-٢-٢) تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز و زانستە شەرعییەکان بە زمانی کوردی:**

مامۆستا مودەڕیس ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەکوردیکردنی فیقهی ئیسلامی و تەفسیری قورئانی پیرۆز و تەجویدەکەیدا (مودەڕیس، ١٤٠٠٨هەتاوی، ١٤)، بە تایبەت لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز کە ((لە حەوت بەرگدا (تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز) بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٧٧ لە بەغداد نووسیووەو لە دوای ئەمە (خولاصەی تەفسیری نامی) بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٨٥ لە بەغداد نووسیویەتی)) (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٧٩) مامۆستا مودەڕیس بە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی؛ زمانی کوردی بردە قوڵترین کایەی زانستی، بەم کارە پڕ لەسەروەرییە سەلماندی کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندەو دەتوانێت گوزارشت لە وردترین مانای وشە فەلسەفی و شەرعییەکان بکات،

**(٢-٢-٣) زیندووکردنەوەی شاکارە ئەدەبییەکانی کلاسیکی کوردی:**

مامۆستا مودەڕیس گەورەترین خزمەتی بە ئەدەبی کوردی کردووە، لەوانە: پاراستنی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کورد لە لەناوچوون و ونبوون و ژیانێکی نوێی بە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی بەخشیوەتەوەو زیندووی کردوونەتەوە، وەک ((دیوانەکانی: مەولەوی، نالی، مەحوی، .. ساغکردوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش بەسەرهات و شیعری چەند شاعیرێکی وەک: مەولانا خالید و شێخ عوسمان و سەراجەدین)ی بڵاوکردۆتەوە (مودەڕیس، ١٤٠٠٨هەتاوی، ١٤-١٥)، لە بەشی دووەم بە تەواوەتی باس لەم کارە زانستییەی مامۆستا مودەڕیس لە پاراستن و زیندووکردنەوە و بەرزڕاگرتنی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردو دیوانەکانیان دەکەین.

**(٢-٢-٤) بەرز ڕاگرتن و پاراستنی زمان کوردی لەناو جەرگەی بەغداد:**

ژیانی مامۆستا مودەڕیس لە بەغداد پڕ فەرترین قۆناغی ژیانی بووە، لەوێدا دەیان کتێبی بە نرخی بەزمانی کوردی نووسیوە (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٨)، مودەڕیس گەرچی وەک یەکێک لە گەورەترین زانایانی عیراق ناسراوە، بەڵام هەرگیز زمانی کوردی کە زمانی دایکە فەرامۆشی نەکردووەو هانی فێرخوازانی دەدا کە بە کوردی بخوێنن و بنووسن، هەر لە بەغدادەوە پەیوەندییەکی گەرم و پتەوی لە تەک مامۆستایانی کوردی بەغداد دا هەبوو، لە بۆنەی

جیاجیادا سەردانی دەكردن، ئەوانیش زۆر دەهاتنە خزمەتی، بەتایبەت لەگەڵ مامۆستا عەلائەدینی سەجادیدا پەیوەندییەكی تایبەتی هەبوو، كە دەگەیشتنە یەك؛ قسەی خۆش و نوكتەی بەتام و باسی ڕابردوو و كۆڕەكەیانی گەرم دەكرد (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ١١٧).

سەرەڕای ئەمانەش؛ مودەڕیس لەكاتی دانانی یەكێك لەپەرتووكەكانی بە زمانی عەرەبی، كە تیایدا باسی لە زانایانی كورد كردووە، بۆیە وایداناوە نەتەوەكەی بكاتە سەرمەشق و تروپكی ناونیشانی پەرتووكە عەرەبییەكە بۆ نموونە: لەكاتی چاپكردنی كتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين)، لە ژیاننامەی زانایان و ناودارانی كورد لە ساڵی (١٩٨١) كە لە بەغدا نووسیویەتی، لەمبارەیەوە (پ. د. حەسەن موفتی) فەرموویەتی: ((چەندین جار لە مامۆستا مودەڕیسم بیستووەو دەیفەرموو: لەكاتێكدا ئەم پەرتووكەم نووسی ناوم نا (علماء الكرد في خدمة العلم والدين) بەڵام لە لایەن چاودێرانی دەسەڵاتەوە نەیانهێشت ئەو ناوەی لێ بنێم، ڕێگربوون لە چاپكردنی، بەڵام گۆڕیم بە (علماؤنا) و دەیفەرموو: ئەو نەزانانە بیریان لەوە نەدەكردەوە كە من كوردم، ناونانی پەرتووكەكە بە (علماؤنا) لە كۆتاییدا واتە (علماء الكرد، واتە زانایانی كورد)و ئامانجی خۆم پێكا)) (نورەددین موفتی، ٢٠٢١، ٨٨) چونكە مامۆستا مودەڕیس لە گۆڕینی وشەی علماء الكرد بۆ علماؤنا هەمان پەیام و مەبەستی گەیاندووە، لەبەر ئەوەی مودەڕیس خۆی كوردە كە وتویەتی علماؤنا واتە زانایانمان كە كوردن، بۆیە مامۆستا مودەڕیس زۆر بەجوانی خۆی هەم لەكێشە ڕزگاركردووە، هەم زانایانی كوردستانی بە زمانی عەرەبی بەدونیا ناساندووە، لە لایەكی دیكەشەوە مامۆستا مودەڕیس كاتێك بوو بە سەرۆكی ڕابیتەی زانایانی عێراق ئەم پۆستەی قۆستەوە بۆ خزمەتی زمانی كوردی هاوتا لەگەڵ زمانی عەرەبی ئەویش بە بڵاوكردنەوەی زانستەكانی شەریعەت و تەریقەت و ڕۆشنبیری ئیسلامی بە هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی، تا بۆ هەموو عێراقییەكان بەردەست بن و ببنە سەرچاوە بۆیان (قەرەداغی، ٢٠٠٨، ١١٢)، ئەمانەو چەندین هەوڵی دیكەی مامۆستا مودەڕیس گەورەترین خزمەتە بە مانەوەو گەشەكردنی زمانی كوردی.

**(٢-٣) دانراوەكانی مامۆستا مودەڕیس:**

مامۆستا مودەڕیس ئەو زانا بلیمەتە گەورەیە، كە بە قەڵەمە بە بڕشتەكەی چەندین كتێبی ناوازەو بەنرخی نووسیوە بە دانان و پەراوێز بۆ نووسین و لێكدانەوەی دیوانە شیعریی و كتێبە زانستییەكان، كەبەشێكیان بوونەتە بەرنامەی خوێندن لە مەدرەسە ئاینییەكان، نەك تەنیا لە كوردستان بەڵكو لە عێراق و بەشێك لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، بێجگە لەوە بەرهەمی زانستی و شیعری زاناو شاعیرانی كلاسیكی كوردی ساغكردووەتەوەو چاپی كردوون، مودەڕیس بێجگە لە زانستە ئاینییەكان، خزمەتێكی زۆری بە مێژوو و ئەدەب و زمانی كوردیی كردووە (مودەڕیس، ٢٠٢٣، ٩-١٠)، بەشی هەرە زۆری دانراوەكان لە بەغداد نووسراون، لەوانە: عەقیدە، زانستی كەلام، تەفسیری قورئانی پیرۆز، سیرە (ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) )، مەولودنامە، میعراج نامە، فیقە، سەرف، نەحو، بەلاغە، مەنتیق، ژیاننامە، ئەدەب، شیعر، چەندەها بابەتی ئایینی دیكە، كە بە هەر سێ زمانی كوردی و عەرەبی و فارسی بەرهەمی هێناوە.

## بەشی دووەم؛ ڕۆڵی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس لە بەغداد وەك هەوێنی زیندووكردنەوەی شیعری كلاسیكی كوردی:

### تەوەری یەكەم؛ ڕۆڵی مامۆستا مودەڕیس لە دەرخستن و كۆكردنەوە و ناساندنی ڕێچكەی ژیانی شاعیرانی كلاسیكی كوردی لە كتێبی (یادی مەردان)دا:

مامۆستا مودەڕیس ڕۆڵێكی گرنگ و كاریگەری لە كۆكردنەوەو نوسینەوەی ژیاننامەی چەند شاعیرێكی كلاسیكی كوردی بینیوە، گەر هەوڵە بێوچانەكانی مامۆستا نەبوایە بەشێكی زۆری ئەو سامانە نەتەوەییە بێسەرو شوێن دەبوون، هەروەك ئەم زاتە فەرموویەتی: ((عەرزی خوێندەوارانی ئازیز دەكەم كە وا گەلێ جار ئەو باسە جوانانەم دەهاتەوە یاد، كە لە دۆستانی زانای خۆم بیستبوون دەربارەی ناودارەكانی وڵاتەكەم، كە هەر یەكێ لەوان وەك گەردەنبەندێكی گەوهەر وابوون لە ملی گەردوونا، ها وەختە ئەم باسە شیرینانە لە یادم دەرچن، چ جای ئەوەی كەسی تریشم نەدەبینی لێیان ئاگادار بێت، بەم ئەندێشانە دڵم زۆر پەرێشان دەبوو، لەبەر ئەوە لەم دوا ڕۆژانەی ژیانمدا كەوتمە پەلە بۆ نووسینەوەی ئەوەی لە یادم ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوانەی تریش كە لە هەندێ بەڵگەو كتێبدا بەرچاوم كەوتوون، ئەمانەم كرد بە كتێبێكی بە قەدر و نیشان و ناوم نا (یادی مەردان) ) (مودەڕیس، ٢٠١١، ٥-٦)، بەرگی یەكەمی ئەم پەرتووكە لەساڵی ١٩٧٩ لە بەغدا بە ٦٥٦ لاپەڕە لەچاپدرا (مودەڕیس، ٢٠١١، ٥)، لێرەدا مامۆستا چ جای ئەوەی وەك مێژوونوسێكی شارەزا زانیارییەكانی تۆماركردووە؛ لەهەمان كاتیشدا وەكو عارفێكی بێهاوتا لە ئەدەبی كلاسیكی كوردیا ڕۆڵێكی كارای هەبووە لە بەدەرخستنی وێستگەی ژیانی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عوسمان سەراجەدین) ئەم كارەی مامۆستا لە كتێبی یادی مەردان لە هەردوو بەرگدا بە جوانی بەدەردەكەوێت، بەمشێوەی خوارەوە:

### (١-١) ناساندنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی:

مامۆستا مودەڕیس لە كتێبی (یادی مەردان) بەرگی یەكەمی بۆ مەولانا خالید تەرخانكردووەو دەفەرمووێت: ((كتێبەكەم ناو نا (یادی مەردان) و سەرەتا لە حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە دامەزراندو ئەم بەرگەی كتێبەكەمم بۆ ئەو تەرخانكرد)) (مودەڕیس، ٢٠١١، ٥-٦)، مامۆستا مودەڕیس سەرەتا لە ناو و ڕیشەی مەولانا خالید دەستی پێكردووەو دەفەرمووێت: مەولانا ناوی خالیدە و كوڕی حوسێنەو لە تیرەی جافی مكایەڵییە، لە ١١٩٣ لەشاری قەرەداغ لەدایكبووە، لە تەمەنی شەش حەوت ساڵییەوە هەر لە قەرەداغ خراوەتە بەر خوێندن و قورئانی پیرۆزی خەتم كردووەو چەندین كتێبی تری ئایینی و سەرف و نەحو ... خوێندووە، دواتر لە شاری سلێمانی لە یەكێ لە حوجرەی مزگەوتەكانی سلێمانی بووەتە فەقێ و خەریكی خوێندن بووە، پەروەدەی دەستی كۆمەڵێك لە زاناكانی كوردستانە و ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت، مەولانا بە ناچاری


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

سلێمانی جێهێشتووەو ڕوی کردۆتە بەغداو لەوێوە چووە بۆ شام، هەر لەوێ ماوەتەوە تا وەکو لە ساڵی ١٢٤٢دا کۆچی دوایی دەکات (مودەڕیس، ٢٠١١، ٩-١٢و٤٣)، مودەڕیس بە بەڵگەی زانستی زانیارییەکانی خستووەتەڕوو:

**(١-١-١) شێوازی ساغکردنەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەکان:**

مامۆستا تەنیا پشتی بە گێڕانەوەی دەماودەم و ڕاستەوخۆ نەبەستووە، بەڵکو گەڕاوەتەوە بۆ دەستنووسە کۆنەکان نامەکانی مەولانا بۆ ئەوەی بە درووستی زانیارییەکان تۆمار بکات، هەروەک فەرموویەتی: من وەکوو کەسێک کە حەزی لە دەرخستنی ناوی پیاوانی گەورەی ئایین و ئەدەب و زانستی میللەتەکەی بێ و وەکو مەلایەک لەناو کۆڕی مەلایان؛ لە زووەوە هەوڵم داوە هەندێ لە ئاساری مەولانا خالید و خەلیفەکانی کۆ بکەمەوە بەپێی باری وڵات و کات هەوڵم داوەو گەلێ بەڵگەی تاکە تاکەو بە کۆمەڵم دەست کەوتووەو گەلێ سەرگوزەشتەی گێڕاوەشم لە کەسانی باوەڕپێکراو بیستووە (مودەڕیس، ٢٠١١، ٥-٦)، ئەمەش دەریدەخات کە مامۆستا ئەمانەتە زانستییەکەی زۆر بە جوانی پاراستووەو فەرموویەتی: ((دەبێ خوێندەواران دڵنیا بن لەوە کە وا هەرچیم لە کتێبی وەرگرتبێت بە ئەمانەتەوە وەرمگرتووەو هەرچیشم بیستبێت، لەکەسانی وام بیستووە کە جێگای متمانەو باوەڕ بن)) (مودەڕیس، ٢٠١١، ٦)، خوێنەر لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە زانیارییە وەرگیراوەکان بە ئەمانەت و زانستی و بەدروستی وەرگیراوە، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ببێتە سەرچاوەیەکی بە بەها و ئێمەمانان لە دوودڵی ڕزگار بکات.

**(١-١-٢) ساغکردنەوەو خستنەڕووی بەڵگەکان دەربارەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی:**

مامۆستا لە خستنەڕووی هەر بابەتێک دەربارەی هەر ناودارێکی کورد پشتی بە کۆمەڵێک لەسەرچاوەی زانستی و باوەڕپێکراو بەستووە، جا بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی مەولانا خالید و دەرخستنی پێگەکەی لە ناو ئەدەبی کوردیدا سوودی لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

- مەکتووباتی فارسیی مەولانا کە لە لای مەلا زاهید پاوەیی بوو، ئەو کاتەی کە لە بیارە دەیخوێند و لای خۆی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت.
- سەرجەمی مەکتووباتی مەولانا کە لەماڵی حاجی شێخ مەعصووم بوو لە قزلرەبات.
- هەندێ نووسراوی وردەو تاک تاک لە سلێمانی لە خانقای مەولانا دەستم کەوتوون.
- هەندێکی تر کە لەبیارە لە کتێبەکەی خانەقادا هەبوون.
- کتێبی ریاض المشتاقین کە مەولانا حامیدی کاتبی دایناوەو نوسخەی لای شێخ عەلائەدین هەبوو لە بیارە (مودەڕیس، ٢٠١١، ٥-٦).

ئەم سەرچاوانەو چەندینی تر بووەتە هۆی داڕشتنەوەیەکی بەپێزو ڕاست بۆ ژیانی مەولانا خالید، ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات، کە وا زانیارییەکانی بە ئاسنی لە دووتوێی کتێبێکدا دەست بکەوێت، بۆ نموونە لەبارەی لەدایکبوونی مەولانا خالید مامۆستا مودەڕیس فەرموویەتی لە ١١٩٣ک لەدایکبووە، بەڵام مودەڕیس سەرەڕای ئەوەی خۆی ئەم ساڵەی بۆ لەدایکبوونی نووسیوە، لە پەراوێزی کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە ((لە کتێبەکەی شێخ ئەسعەد صاحێبدا نووسراوە ڕاستەکە ئەوەیە مەولانا لە ١١٩٠ک دا لەدایکبووە)) (مودەڕیس، ٢٠١١، ٩)، واتە مودەڕیس بۆچوون و ڕای جیاوازی زاناکانی بۆ خوێنەران تۆمار کردووە، لە هەمان کاتدا ڕایە دروستەکەی ئاماژە پێکردووە، بۆ ئەوەی ئێمەمانان لە دوودڵی بەدوور بگرێت.

**(١-١-٣) خستنەڕووی زانستەکانی مەولانا خالید:**

مودەڕیس باس لەوە دەکات مەولانا خالید لە هەموو زانستەکانی ئەقڵی و نەقڵییەکانی ئەوسای ئیسلامی شارازاییەکی بێهاوتای لێیانەوە هەبووە، وەک: (سەرف، نەحو، مەعانی، بەیان، بەدیع، وضع، مەنتق، ئادابی بەحث، موناظەرە، حیکمەت، هەیئەت، حیساب، هەندەسە، عەرووز، قافیە، ئەدەب، لوغەت، شەرع، ئوسووڵی فیقە، ئوسووڵی دین، حەدیس،تەفسیر، تەسەوف) (مودەڕیس، ٢٠١١، ١١)، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مەولانا لە زانستە شەرعی و ئالییەکان شارەزاییەکی باشی هەبووە، ئایین و ئەدەب لە لای ئەو دوانەیەکی دانەبڕاو بوونە.

**(١-١-٤) خستنەڕووی پێگەی مەولانا خالید لای زانایان:**

مامۆستا مودەڕیس پێگەی مەولانای بەرز نرخاندووەو بە خاوەن پایەیەکی بەرزی داناوەو وتوویوتی: ((مەولانا خالید زۆر بەرز هەڵکەوتووەو خاوەن پایە بووە، بە چەشنێ کە هەر ئیشکال و ئاڵۆزییەک پەیدا بووبێت لە ناوچەکەدا لای ئەو چارەی دۆزراوەتەوەو زانایانی سەردەم دانیان بە بەرزیی پایەیدا ناوە)) (مودەڕیس، ٢٠١١، ١١)، واتە مەولانا چارەسەرخوازی کێشەکان و نەهێشتنی ناخۆشییەکان و ڕێنیشاندەر بووە، بۆیە زانایان بەهاو پێگەی مەولانا خالیدیان بە بەرز زانیوە.

**(١-١-٥) خستنەڕووی سۆز و خۆشەویستی مەولانا خالید بۆ مامۆستاکەیی و دەربڕینی لە ڕێگەی پارچە شیعرێکی کوردییەوە:**

لە بناری هەورامان لەناو مەلاکاندا باوە کە مەولانا لە خزمەتی مەلا جەلالدا خوێندوویەتی، کاتی کە مەولانا لە خورماڵ بووە، مەلا جەلال نەخۆش بووەو چەند ڕۆژێ نەهاتووەتە دەرەوە بۆ مەدرەسە، مەولانا چەند شیعرێکی بۆ نووسیوەو تکای لێکردووە تەشریف بێنێ بۆ لایان:

میرزام وەفاتەن – میرزام وەفاتەن
قەدەم ڕەنجە کەر، وادەی وەفاتەن
شەهەنشای شادیم مات ناماتەن
بت پەرسا ئاسا ئەروام جە لاتەن
جە حوجرەی سەراو کەی مبی ڕاهی
هێند مەمدرۆ ماهـ جە بورج ماهی
قەدەم ڕەنجە کەر ئامان صەد ئامان
تۆز ئامانت شیفان پەی زامان
وەرنە ها تەمام نائیرەی دووری
وەکۆی نوورە کەرد سەرتاپای (نووری) (مودەڕیس، ٢٠١١، ١٤-١٥)

لەم پارچە شیعرە دەردەکەوێت مەولانا خالید ماموستاکەی زۆر خۆشویستووەو لە لای شوێنەکەی خالی بووە بۆیە هەست و سۆزو وەفای خۆی لەڕێگەی ئەم بەیتە شیعرانەوە بۆ دەردەبڕێت، مەولانا شیعری کردووەتە پەناگەیەک بۆ دەربڕینی هەستەکانی.

هەر لەڕێگەی ئەم پارچە شیعرەوە دەرکەوتووە کە ناسناوی شیعری (نووری) بووە، هەروەک مودەڕیس فەرموویەتی: ((ئەمە چەند بەیتێکە لەو شیعرانەی کە بە ناسناوی (نووری) نووسیویەتی، چونکە لەو سەردەمدا ناسناوی شیعریی (نووری) بووە)) (مودەڕیس، ٢٠١١، ١٤)، بەواتا دەکرێت مەولانا ناسناوی تری هەبووبێت، بەڵام مامۆستا مودەڕیس لێرەدا باسی نەکردووە.

**(١-١-٦) لێکدانەوەی شیعری مەولانا خالید:**

مامۆستا مودەڕیس ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بە زمان و شێوزارە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی شیعرەکە لە سنوورێکی بەرتەسکدا نەمێنێتەوەو زۆرینەی خەڵک لێی تێبگەن، بۆیە دەبینین هەر ئەم بەیتە شیعرانەی مەولانا خالید کە لەسەرەوە نووسراونەتەوە مودەڕیس بە جوانترین شێوە واتای شیعرەکەی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست نووسیویەتەوە:

(١) واتە: گەورەم وادەی وەفا کردنتە، بە گفتەکەی خۆت کە بێیت بۆ لامان، یاخود وادەی مردنمانە لەبەر دووریی تۆ، دەسا فەرموو ئازاری پێی خۆت بدە و وەفا بەگفتەکەی خۆت بکەو بێ بۆ لامان.
(٢) واتە: شاهەنشای شادمانیی من ماتی نەهاتنی تۆیە، منیش وەک بت پەرست گیانم لای تۆیە و یادت دەکەمەوە.
(٣) واتە: کەی لە ژوورەکەی خۆتەوە کە کەوتووەتە سەر سەرچاوەی ئاوەکە، ئەکەویتەڕێ و دێی بۆ لامان، من سەرم سوڕ ماوە تۆ ئەوەندە لەجێی خۆتدا نەجولێی.. هەرگیز مانگ ئەوەندە لە برجی ماسیدا خۆی ڕاناگرێ.
(٤) واتە: ئازاری پێی خۆت بدەو بێی بۆ لامان، چونکە تۆزی بەری پێت کە دێی بۆ لامان دەبێ بە مایەی چاکبوونەوەی زامەکانی دڵمان.
(٥) واتە: ئەگینا ئەگەر نەیەیت، ها ئەوەندەت زانی ئاگری دووری سەرتاپای (نووری)ی سووتاند کردی بە کۆی نوورە (مودەڕیس، ٢٠١١، ١٤-١٥).

مامۆستا مودەڕیس بەیت بەیت واتاکەی لێکداوەتەوەو لە واتای بەیتەکەی تر جیای کردۆتەوە، ئەمەش بەرچاوڕوونی دەدات بە خوێنەران، زۆر بەجوانی گوزارشتیشی لە واتای شیعرەکەدا کردووە، ئەگەرچی مامۆستا مودەڕیس لێکدانەوەی بۆ دیوانی شیعرەکەی مەولانا نەکردووە، بەڵام لەکاتی نووسینەوەی ژیاننامەکەی ئاماژەی بە بەیتە شیعرەکان و بۆنەکەی کردووە، کە ئایا ئەم شیعرەی بۆ چ بۆنەو مەبەستێک دەربڕاوە، بیریشمان نەچێت مەولانا بە سێ زمان شیعری نوسیوە (کوردی، عەرەبی، فارسی) بەڵام بەشی هەرە زۆری بە زمانی فارسی دەربڕیوە.

**(١-٢) ناساندنی شێخ عوسمان سەراجەدین:**

مامۆستا مودەڕیس پێش ئەوەی باس لە ناساندنی شێخ عوسمان بکات، باس لەوە دەکات، کە بەرگی دووەمی کتێبی (یادی مەردان)ی بۆ یەکەمین خەلیفەی ناوداری مەولانا خالیدە، ئەویش شێخ عوسمان سیراجودینی تەوێڵەییە تیادا باسی بکەم، لەگەڵ باسکردنی هەندێ لە کوڕ و کوڕەزاو مورید و مەنسووبە ناودارەکان، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی نیشتیمان بە یادیان ڕووناک بکەمەوە (مودەڕیس، ٢٠١١، ٥)، ئینجا دێتە سەر باسی ناساندنی شێخ عوسمان و دەڵێت: شێخ عوسمان ساڵی ١١٩٥ک لە دێی تەوێڵە لە قەزاری هەڵەبجەی ئێستا لەدایکبووە، ئەم زاتە بەپێی دەستنووسێکی شێخ موحەممەد بەهائوددینی کوڕی، کوڕی خالید ئاغای کوڕی عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی سەید موحەممەدی کوڕی سەید دەروێشی کوڕی سەید موشریفی کوڕی سەید جومعەی کوڕی سەید زاهیر ناوێکە، هەر لە منداڵییەوە دوای فامکردنی نراوەتە بەر خوێندن و قورئانی پیرۆزی تەواو کردووەو چەند وردە کتێبێکی خوێندووەو ئینجا بووە بە فەقێ و هەندێ کتێبی نەحو و سەرف و شەرعی خوێندووەو دواتر چووەتە بیارەو خەرپانی و خورماڵ و بەغدا لەوێ لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی تەریقەتی وەرگرتووە، دوای ئەوە دەچێتە سلێمانی دوای دوو ساڵ مانەوە لە سلێمانی دەگەڕێتەوە هەورامان و لە خانەقای تەوێڵە نیشتەجێ دەبێت، سەرەنجام لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا لەشەوی سێشەممە ١٣ی شەشەڵانی ١٢٨٣ک کۆچی دوایی دەکات و نزیک خانەقاکەی دەنێژرێت (مودەڕیس، ٢٠١١، ٩-١١ و ٣١)، مودەڕیس بە بەڵگەوە زانیارییەکانی خستووەتەڕوو، هەر لە ڕیشەی ناوی شێخ عوسمانیشەوە جەختی لەسەر زانیارییەکانی کوڕی شێخ کردووەتەوە.

**(١-٢-٢) ساغکردنەوەو خستنەڕووی بەڵگەکان لەبارەی شێخ عوسمان سەراجەدین:**

بۆ نووسینەوەی ژیاننامەو زانیارییەکانی دەربارەی شێخ عوسمان؛ مامۆستا مودەڕیس پشتی بە کۆمەڵێک بەڵگەی دەستنووس و سەرچاوەی زانستی و کوڕی شێخ عوسمانەوە بەستووە، لەوانە:

- بۆ زانینی ناوی تەواوی شێخ عوسمان؛ سوود لە زانیاری کوڕەکەی شێخ بەهائەدین وەرگیراوە؛ لە پشتی نامەکەی کە بۆ شێخ عومەر زیائەدینی برای ناردووە، ناوی تەواوی باوکی نووسیوە.
- سەید عەبدولسەمەد توودارى، لە کتێبی (نور الانوار) کە لەساڵی ١٠٩٩ک بە فارسی دایناوە، موحەممەدی مەلا کەریم وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی، ١٩٧٠، بەغدا، ئەسڵە فارسییەکەی ئەم کتێبەش لە کتێبخانەکەماندا هەن.
- مامۆستا خۆێ لە شێخ عوسمانی بیستووە کە دەیفەرموو: دانەیەک لە کتێبی (فرائض)م دیوە بە خەتی باپیرم نووسرابووەوە.
- مامۆستا دەفەرموێت: (لە سەیید تاهیری هاشمی کوڕی سەید قەیدەری سەیدو دەوڵەی خەڵکی دەوڵەتاویشم بیستووە، کە شێخ عوسمان لەو کاتەدا کە لەمەکتەبی حەزرەتی غەوس خوێندوویەتی شەرحی لە (رسالة الشاه صديق الهراتي في شرح الكلام القدسي) کردووە، کە حەزرەتی غەوس دایناوەو ئەو شەرحە کە بەدەستنووسی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

شێخ عوسمان خۆیەتی، لە کتێبخانەکەی ئەو دایەو شێخ عوسمان لە داوێنی ئەو شەرحە نووسیویە: ((كتبه عثمان بن خالد الطويلي الأصل في مدرسة الشيخ عبدالقادر الگيلاني قدس الله سره العزيز في سنة ألف ومئتين وست وعشرين من الهجرة في رجب سنة 1226))، خۆشم نوسخەیەک لە ریسالەی وەزع و ئیستیعارەی دەستنووسی شێخ عوسمانم دیوە لای شێخ تۆفیقی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی خەڵکی (پشتە)ی ناوچەی (تاوەگۆز) لە قەزای هەڵەبجە.

- کتێبی (رياض المشتاقين)ی مەلا حامید، (بارقات)ی حاجی موحەممەدی فارسی (مودەڕیس، ٢٠١١، ٩-١١)، ئەمانەو چەندین بەڵگەی تری زانستی و دەستنووسی زانایان بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی زانیارییەکانی شێخ عوسمانی سەراجەدین لە لایەن مامۆستا مودەڕیسەوە.

**(١-٢-٣) ئەدەبیات و شیعری شێخ عوسمان سەراجەدین:**

ئەم زاتە ئەدیب بووەو شیعری بە گۆرانی و فارسی هەیە، گەلێ نامەی جوانیشی بۆ موریدو مەنسووبەکانی نووسیوە، هەروا بۆ گەلێ پیاوی گەورەی دینیی و دنیایی و بۆ بەجێهێنانی ئیش و کاری موسڵمانان یا بۆ ڕێنومایی بۆ ڕاستی و بیرو باوەڕی پاک و کردەوەی چاک (مدرس، ٢٠٠٥، ٣٠٤)، بۆ نموونە مامۆستا مودەڕیس باسی لەو نامانە کردووە کە بێجگە لەپەیامە پەخشانییەکی؛ شیعری نێو نامەکانیشی نووسیوەتەوە، یەکێ لەو نامانەی کە بۆ سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی (مەولەوی) نووسیوەو دەڵێت:

خلق در اوضاع و اندر کار من
هر کسی از ظن خود شد یار من
چشم بيرون بر قياس خود گشاد
وز درون من نجست اسرار من
(مودەڕیس، ٢٠١١، ٤٠-٤١)

مامۆستا لێکدانەوەی بۆ شیعرەکان نەکردووە، بەڵکو تەنیا نووسیویەتییەوە، بۆ ئەوەی دەربکەوێت کە شێخ عوسمان شاعیریش بووە، بۆ بەرچاوڕوونی؛ مودەڕیس دیوانەکەشی لێکنەداوەتەوە، ئەوەی دەشبینرێت تەنیا شیعری نێو نامەکانی داڕشتۆتەوە بەڵام بێ ئەوەی دێڕە شیعرەکان لێکبداتەوە. مامۆستا مودەڕیس هەڵساوە بە کۆکردنەوەی ئەو نامانەو چەسپاندنیان، بۆ ئەوەی ئەم سەروەتە لەبن نەیەت و لەناو نەچێت و بیرو هزرو دەروونی نەوەی داهاتوو زاخاو بکرێت و چاویان پێ ڕۆشن ببێتەوە.

**تەوەری دووەم؛ ڕۆڵی مامۆستا مودەڕیس لە کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو لێکدانەوەی دیوانی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی:**

ئەم کارەی مامۆستا مودەڕیس بە زینددوکردنەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، ئەگەر مودەڕیس نەبووایە بەشێکی زۆری گەنجینە ئەدەبییەکەی ئێمە بەهۆی پشتگوێخستن، یان بەهۆی تێنەگەیشتن لە واتاکانیان لەناودەچوون، چونکە شیعری کلاسیکی کوردی پڕە لە واتای بەهێز، بەهۆی ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دەرچووی حوجرەن و شارەزاییەکی تەواویان لە زانستەکاندا هەبووە، لەمەوەش مامۆستا بەهۆی ئەوەی شارەزاییەکی قوڵ و تەواوی لە زانستە شەرعی و ئالی و شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەتدا هەبووەو زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی زۆر بە باشی زانیوە چ جای زانینی زمانی عەرەبی و فارسی ، بۆیە گەیشتن بە واتا قوڵ و بەهێزەکان لای مامۆستا ئاسان بووە، لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا لەم لایەنانەی خوارەوە لە کۆکردنەوەو ساغرکردنەوە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی دیوانی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا دەخەینە ڕوو:

**(٢-١) مەولەوی:**

مامۆستا مودەڕیس بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەستی بەنووسینەوەی ئەو گەنجینە ئەدەبییە گرانبەهایانەی مەولەوی کردووە، سەرەتا لە ناوی و ڕیشەی مەولەوییەوە دەستپێکردووەو دەفەرموێت: ناوی (سەید عەبدولکەریم)ی کوڕی(مەلا سەعید)ە، ناسناوی شیعری (مەعدوومی)یەو لەناو خەڵک و لە کۆڕی ئەدەبیانیشدا بە (مەولەوی) ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵی ١٢٢١کۆچی واتە ١٨٠٦ زایینی لە دێی (سەرشاتە) لە ناوچەی (تاوەگۆزی بەشی عێراق) لە خێزانێکی ئایین پەروەری بە حورمەتدا لە دایکبووە، دواتر چوونەتە دێی (بیژاوە) لە نزیکی (هەڵەبجە) لەوێ لای باوکی قورئانی پیرۆزی تەواو کردووەو وردە کتێبە سەرەتاییەکانی فارسی سەرف و نەحوی خوێندووە، دواتر بۆ خوێندنی فەقێیاتی چووەتە (پاوە و سنەو تاد) لە سلێمانی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لەساڵی ١٣٠٠ کۆچی واتە ١٨٨٢ زایینی؛ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (ئەسحابە) لەنزیکی (سەرشاتە) بە خاکی دەسپێرن (مەولەوی، ٢٠٠٧، ١٠-١٣)، لێرەوە گرنگترین ڕەهەندەکانی ڕۆڵی مامۆستا مودەڕیس لە زیندووکردنەوەی دیوانی مەولەویدا دەخەینەڕوو:

**(٢-١-١) کۆکردنەوەی شیعرەکانی مەولەوی:**

مامۆستا مودەڕیس بۆ کۆکردنەوەو نووسنەوەو ئامادەکردنی دیوانی مەولەوی، فەرموویەتی: (لە کۆکردنەوەی ئەم شیعرانەی مەولەویدا یارمەتیم لە گەلێک کەس دیوە، وەک جەنابی (سەید تاهیری هاشمی لە دەوڵەت ئاوا)و (حەسەن فەهمی بەگی جاف)و (حاجی حەیدەری کوڕەزای مەحموودی یاروەیس) و (شێخ ئەحمەدی شێخ سدیقی نێرگسەجاڕ)و (مەلا کەریمی دۆڵەمەڕی)و (مەلا کەریمی گوڵپی)و (فەقێ ڕەشیدی هەمەوند)و ( مەحمود پاشا)و (ڕەفیق حلمی)و (حاجی تۆفیقی پیرەمێرد) وەختی خۆی هەنگاوێکی دڵسۆزانەی نا کە ژمارەیەکی زۆری لە پارچە شیعرەکانی مەولەوی کۆکردەوەو وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سلێمانی و (أصل)و (روح)ەکەی لە دوو بەرگدا بڵاوکردەوە، چەندین کەسی تر کە دیوان یان پارچە شیعرێکی مەولەوییان لا بوو بۆیان ناردم، هەندێ دەستنووسی تریش هەبوو هەر چەند هەوڵم دا بەڵام نەمتوانی دەستیان خەم. وەک زانیومە لای (بەگزادە جافەکانی کەلار)و لای منداڵەکانی (شێخ ڕەسولی کومەتەی قەرەداغ)و (شێخانی شاقەلا)و (سەیدەکانی باینجچو)و (سەیدەکانی لون)یش هەیە، وەک بیستوومە نوسخەی سەیدەکانی (لون) هۆی دانانی غەزەلەکانیشی لێ نووسراوە، نامەی زۆرم بۆ هەموو ئەوانە نووسی بۆ داوای شیعری مەولەوی، بەڵام وەرامم لە کەسیانەوە دەسگیر نەبوو) (مەولەوی، ٢٠٠٧، ٧-٨)، لە پشت دیوانی مەولەوی ماندووبوونەکانی مامۆستا مودەڕیس دەبینرێت، هەموو ئەو کارە بەنرخانەی لە کۆکردنەوەی بەرهەمی

ئەو زاتە بۆ ئەوە بووە تا زۆرترین شیعری مەولەوی لە فەوتان ڕزگار بکات و لە چوارچێوەی دیوانێکی گشتگیردا کۆیان بکاتەوە.

**(٢-١-٢) ساغکردنەوەی شیعرەکانی مەولەوی:**

بۆ ساغکرنەوەی شیعرەکان؛ مامۆستا مودەڕیس دوای ئەوەی سەرجەم نوسخە دەستنووس و چاپەکانی کۆکردەوە ئینجا دەستی کردووە بە بەراوردکردن و کارکردن لەسەری، هەر وەک لەسەر زاری مامۆستا خۆیەوە: (ئەو شیعرانەی لام بوو لەگەڵ ئەو پارچە شیعرانەی دەستم کەوتن؛ بەراوردم کرد، چیم نەبوو نووسیمەوە، یان یارمەتی ئەدەبیی ترم لێوە دیون لەبارەی مەولەوییەوە، سوپاسێکی گەرمی ئەم زاتانە دەکەم، لەوانە: جەنابی (سەید تاهیر) کە کەڵکێکی زۆرم وەرگرت لە ناملیکە فارسییەکەی کە لەبابەت مەولەوی و شیعری مەولەوییەوە بۆی نووسیبووم، جەنابی (حەسەن فەهمی جاف) کە کەشکۆڵە شیعرییەکەی خوالێخۆشبوو (مەحمود پاشا)ی باپیری دایە لام، دەبێت سوپاسی ئەدیبی بەرزی کورد خوالێخۆشبوو (ڕەفیق حلمی)ش بنووسم کە کتێبەکەی خوێندەوە؛ هەندێک سەرنجی وردی پێشانداو بڕیار بوو سەرەتای بۆ بنووسێت، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا)(مەولەوی، ٢٠٠٧، ٨)، بەمشێوەیە مامۆستا دیوانەکەی پاکنووس و بەرهەمهێنا.

**(٢-١-٣) لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی مەولەوی:**

مەولەوی شاعیری کلاسیکی کورد یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی نەتەوەکەمان، شیعرەکانی بە شێوەزاری هەورامییەکی ڕەسەن و چڕ داڕشتووە، مامۆستا مودەڕیس لە مەدحیدا فەرموویانە (مەولەوی زانایەکی بەرزی ئایینی و سۆفییەکی بێگەردو شاعیرێکی بێ هاوتا بووە، وردی و ناسکی و سۆزی و غەزەلیاتی مەولەوی لە هەموو کۆڕێکی ئەدەبیدا ناوبانگی دەرکردووە، ئەوەی لە شیعری مەولەوی گەیشتبێت بە ناچاری گیرۆدەی دڵگیریی مەعنای بووە، بۆیە ناوی مەولەوی لە ناوی هەر شاعیرێکی تری کورد زیاتر بەسەر زمانی گەلەوەیە لە هەمووشیان زیاتر مافی خۆی وەرگرتووە) (مەولەوی، ٢٠٠٧، ٦)، هەست ناسکی مەولەوی بۆ پەیوەستبوونی بە سروشتە جوانەکەی هەورامانەوە دەگەڕێتەوە، لە لایەکی تر پایەیەکی بڵندی هەیە لەناو زاناکانی کورددا بەتایبەتی لە (عیلمی کەلام)دا دەستێکی باڵای هەبووەو هەست و نەستی خۆی بۆ خودای تاک تەنیا دەربڕیووە (مەولەوی، ٢٠٠٧، ١٣)، بۆ نموونە:

سۆزیام هەی سۆزیام، وێنەی شوعلەی نوور
بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور (مەولەوی، ٢٠٠٧، ٢٦)

مەولەوی زۆربەی شەوەکان بێدار بووەو ڕووەو قیبلە دانیشتووەو بیری لە خوا کردووەتەوەو ئادابی تەریقەتی بەجێهێناوە.

**(٢-١-٤) ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی مەولەوی:**

مامۆستا مودەڕیس هەروەک ئاماژەی بۆ کردووە؛ شیعرەکانی مەولەوی بەپێی پیتەکانی (ئەلف و بێ) لەسەر بنچینەی پیتی یەکەمی یەکەم شیعری هەر پارچە شیعرێک ڕێکخستووە، واتای ئەو وشە شیعرانەی کە بەئاسانی نازانرێت بە زاری کرمانجی ناوەڕاست ڕوونیکردووەتەوەو لەهەندێ دێرە شیعریشدا بە پوختی واتاکەی لێکداوەتەوە، هەندێجاریش واتای هەموو دێرە شیعرەکان بەیەکەوە لە کۆتاییدا لێکیداوەتەوە (مەولەوی، ٢٠٠٧، ٧)، بۆ نموونە لە سەرەتای پارچە شیعری (جە سەردی مۆبەت) بە پیتی (ج) دەستی پێکردووە

جە سەردی مۆبەت ئازیز بێ گەرد
جۆی هووناو دڵ جە دیدەم یەخ کەرد (مەولەوی، ٢٠٠٧، ١٦٩)

لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی مامۆستا مودەڕیس؛ مۆبەت: محبت، خۆشەویستی، جۆ: جۆگە، یەخ: شەهۆڵ.

واتە: لەبەر سادەیی مەیلی خۆشەویستە بێ گەردەکەم جۆگەی خوێناوی گەرمی دڵم، لەناو چاوەکانما مەیی و بوو بە سەهۆڵ. لە کۆتا پارچە شیعری (جە سەردی مۆبەت) فەرموویەتی:

با خاس خاس هۆش هیچ نەمە نۆ نیم
بەڵ ئازیز وە خەیر ڕەحمێ کەرۆ پێم (مەولەوی، ٢٠٠٧، ١٧١)

لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی مامۆستا مودەڕیس؛ نەمەنو: نەمێنێت، بەڵ: بەڵکو.

واتە: کاکەی بلوێر ژەن تۆیش دەست درێژ کە بۆ بلوێرەکەت و خۆت ئاسایی بملاوێنەرەوەو بە مەقامێکی خۆش خەم و خەفەتم بتوێنەرەوە، با هیچ بیرو هۆشم لا نەمێنێت، بەڵکو ئازیز بەخێری خۆی ڕەحمم پێ بکات.

مامۆستا مودەڕیس سەرەتا واتای وشەکانی نووسیوە، ئینجا واتای دێرەکەی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست لێکداوەتەوەو ڕوونیکردووەتەوە، بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵک بە واتای شیعرەکانی مەولەوی ئاشنا بین و لەسنورێکی بەرتەسک و تەنیا لە هەوراماندا نەمێنێتەوە.

مامۆستا مودەڕیس هەر تەنیا دیوانی مەولەوی لێکنەداوەتەوە، بەڵکو دیوان و بەرهەمەکانی تری مەولەوی لێکداوەتەوە: لەوانە: الوسیلة فی شرح الفضیلة (فی علم أصول الدین) بە زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٢ بغداد، عقیدەی مرضیە بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٨٨ بغداد، فوائد الفوائح بە زمانی فارسی ساڵی ١٩٩٥ بغداد.

**(٢-٢) مەحوی:**

مامۆستا بە هاوکاری (موحەممەد)ی کوڕی دیوانی مەحوییان زیندوو کردەوە، لەبارەی ژیانی مەحوی شاعیر کە یەکێک لە شاکارە هەرە بەرزەکانی کلاسیکی کوردی فەرموویەتی: مەحوی ناوی مەلا موحەممەد کوڕی مەلا عوسمانی بالخییە، لە نەوەی پیرو زانای ناودار (شێخ ڕەش)ە، ناسناوی شیعری (مەحوی)یە، لەبارەی ساڵی لەدایکبوونیەوە ڕای جیاواز هەن: موحەممەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێ ساڵی ١٨٣٦-١٨٣٧، مامۆستا عەلائەددین سەججادیش دەڵێ ساڵی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

١٨٣٠، کاکەی فەلاحیش دەڵێ ساڵی ١٨٣١-١٨٣٢ لەدایکبووە، لە بەغدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو دەبێت بە مەلا، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی تا مردنی لە سەرەتای شەشەڵانی ١٣٢٤ك واتە تشرینی یەکەمی ١٩٠٦ زایینی کۆچی دوایی کردووە، ئەمەش بەپێی دێرە شیعرێکی (بێخود) کە مامۆستا ئاماژەی بۆ کردووە(مەحوی، ١٣٨١، ٥-٦)، لە بەیتە شیعرەکەدا هاتووە:

چو بشنيد (بيخود) وفات سلف
بتأريخ گفتا (عمر شد خلف)

واتە: کە (بێخود) هەواڵی کۆچی دوایی (مەحوی) بیست، بۆ مێژوو وتی((عمر شد خلف))، واتە عومەر بووە جێنشین، ئەم ڕستەیە بەحیسابی حروفی ئەبجەد دەکاتە ١٣٢٤، عومەر ناوەکەش (شێخ عومەری کوڕی مەحوی و باوکی شێخ موحەممەدی مەحوی)یە (مەحوی، ١٣٨١، ٦)، ڕۆڵی مامۆستا مودەڕیس لە زیندووکردنەوەی دیوانی شیعری مەحوی شاعیر بەمشێوەیەیە:

**(٢-٢-١) کۆکردنەوەی شیعرەکانی مەحوی:**

بۆ کۆکردنەوەی دیوانی مەحوی مامۆستا مودەڕیس بە هاوکاری کوڕەکەی؛ موحەممەد مەلا کریم دەستنووس و نوسخەکانیان کۆکردوەتەوە، (ئەو سەرچاوانەی ئەم دیوانەیان لەسەرەتادا لەسەر نووسراوەتەوە؛ نوسخە دەستخەتەکانی شێخ مەلا عومەری مەحوی کوڕی شاعیرو هەندێ نوسخەی دەستنووس و بەیازی تری کتێبخانەی بنەماڵەکەیانن، کە چەند پارچەیەکی خەتی مەحوی خۆی تیادایە، لەسەرەتادا شێخ موحەممەد مەحوی بە بەراورد پێکردنی نوسخەی یەکەمی چاپەکەی مامۆستا عەلی کەمال باپیر ساڵی ١٩٢٢ز کە پڕە لە هەڵە لەگەڵ دەستنووسەکان، نوسخەیەکی دیوانەکەی نووسیوەتەوە، دواتر لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ زایینی پێکەوە لەگەڵ مامۆستایان (گۆران و کاکەی فەلاح)دا نوسخەکەیان ڕاستکردووەتەوەو هێناوینەتە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی، لەساڵی ١٩٦٢ زایینی ئەو نوسخە ڕاستکراوەیە دراوە بە مامۆستا مودەڕیس و ئەویش لەسەری نووسیوەو مەعنای شیعرەکانی لێکداوەتەوە) (مەحوی، ١٣٨١، ٨)، ئا بەمشێوەیە لەگەڵ دۆزینەوەی هەر پارچە شیعرێک و دەستخەت و دەستنووسی شیعری مەحوی سەر لەنوێ کاری لەسەر کراوەتەوەو لێیان کۆڵیوەتەوەو لێکدراوەتەوە.

**(٢-٢-٢) ساغکردنەوەی شیعرەکانی مەحوی:**

بۆ ساغکردنەوەو ناسینەوەی شیعرەکانی مەحوی شاعیری کلاسیکی کورد دەردەکەوێت، کەوا مامۆستا مودەڕیس و موحەممەد کوڕی مودەڕیس پشتیان بە دەستنووسی شاعیر خۆی و کوڕی شاعیر مەلا عومەر مەحوی بەپلەی یەک و ڕاستکراوەکانی دەستی مامۆستایان گۆران و کاکەی فەلاح و نوسخە تایبەتەکەی مەلا ئەسعەدی مەحوی بەستووە، بێگومان دوای بەدواداچوونێکی زۆر وردو تۆکمە لەسەرجەم نوسخەکان و پاککردنەوەی دەقە شیعرییەکان لە ڕووی ڕێنووس و زمانەوانی و هتد گەیشتوونەتە بەم ئەنجامەو دیوانەکەیان بەرهەمهێناوە.

**(٢-٢-٣) لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی مەحوی:**

لێکۆڵینەوەی مامۆستا مودەڕیس لە شیعرەکانی مەحوی، لە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بە تێگەیشتنێکی سادە لە شیعرەکانی مەحوی نەبووە، بەڵکو بەلێزانی و شارەزاییەکی بێهاوتا لە چەمکە عیرفانی و زاراوە سۆفیانی و ... لێیکۆڵیوەتەوە، بەمەش ژیانەوەو زیندووکرنەوەی بە شیعرەکانی شاعیر بەخشیوەو دونیابینی مەحویی پێشان داوە، بۆ ئەوەی ((دەستە چیڵەیەک بدا بە دەستی توێژەر و لێکۆڵەرەوەی دواڕۆژەوە تا لە تاریکایی ڕێگای کاریدا بەرپێی خۆیی پێ ڕون بکاتەوە)) (مەحوی، ١٣٨١، ١٣)، گەر ئەم کارەی مامۆستا نەبووایە، ئەوا لە مەبەستە شیعرییەکانی وەک ئەوەی ئێستا تێی گەیشتووین؛ تێی نەدەگەیشتین.

مەحوی شاعیری سەردەمێکە کە وا لە دۆخێکی زۆر ناهەمواری زڵم و ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە سلێمانیدا ژیاوە، ئەمەش بەهۆی لەناوچوونی مێرنشینی بابان لەو کاتەدا، بۆیە خاوەن نەفسێکی یاخی و شۆڕشگێر بووە سەرەڕای بەهرەی شاعیرییەتییەکەی، لێرەدا مامۆستا لێکۆڵینەوەکانی لە داوێنی کتێبەکەوە لەبارەی بەشی زۆری بابەتەکان نووسیوە بەپێی ئەو بارەی تیایدا ژیانی بەسەر بردووە، وەک: دیوانی مەحوی پڕە لە توانج لە ناحەز و نەیار، مەحوی هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی کە لەژێر پەردەی خواپەرستی و ئاینییدا کاری بەد دەکەن، بۆ نموونە:

بە داوە وەعظی یو، خۆشی بە تاوە (یا حافظ)
لە هەڵقولانە کە لیکی دەم و لچی واعیظ (مەحوی، ١٣٨١، ١٦٢)

واتە: خوا بمانپارێزێ وەعز گەرم بووەو هاتووەتە جۆش و لیک بە دەم و لچ و لغاویدا دێتە خوارەوەو وەعزەکەشی هەموو هەر فێڵ و کەڵەک و داوە دەینێتەوە بۆ خەڵک.

نا ئەهلیی ئەم ئەهالییە مەعلومی من کە بوو
شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بە کەس (مەحوی، ١٣٨١، ١٤٧)

لەم دێرە شیعرە مەحوی لە کاری چەوتی خەڵک (کۆمەڵگە) ناڕازییەو دەڵێت: بۆم دەرکەوت ئەم خەڵکە چەند نامەردن، لە سایەی خواوە دەستم لە هەمووان داشۆری و پشتم تەنها بە خوا بەست، ئەمانەو چەندین بابەتی تر مامۆستا مودەڕیس لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون و باری دەروونی مەحوی شاعیری بۆ بەدەرخستووین.

**(٢-٢-٤) ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی مەحوی:**

مامۆستا مودەڕیس سەرەتای دیوانە شیعرەکەی مەحوی بەناوی خودا دەستی پێکردووە، شیعرەکانی بەپێی پیتی (ئەلف و بێ) لەسەر بنچینەی پیتی کۆتایی یەکەم دێرە شیعری هەر پارچە شیعرێک ڕێکخستووەو لێکدانەوەیەکی تێروتەسەلی بۆ دێر بە دێری شیعرەکانی مەحوی کردووەو واتای قووڵی فەلسەفی و ڕەهەندە عیرفانی و حەدیس و ئایەت و ڕەوانبێژی و ....بۆ خوێنەران ڕوونکردووەتەوەو کۆد و واتای پشت وشەکانی بەدەرخستووە، ئەگەرچی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە، بەڵام واتای شیعرەکانی لێکداونەتەوەو واتاکانی ڕوون کردوونەتەوە، بۆ نموونە:

کە هەڵگیرسا لە نوری بادە شەمعی حوسنی جانانە

نەچێتە سەر طریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چبکا؟ (مەحوی، ١٣٨١، ١٤)

لێکدانەوەی مامۆستا بۆ ئەم دێرە شیعرە؛ طریقە: طریقەت، ڕێ و شوێنی خواپەرستییە لای ئەهلی تەصەووف، واتە: کە لە نوری بەرەکەتی ئەو ئاسۆ خۆش و فراوانەوە بۆ سەرخۆش پەیدادەبێت، چرای جوانیی دۆست داگیرساو دڵ بەخۆشەویستی ڕاستەقینەی خۆی گەیشت، کە ئازادی و سەربەستییە لە کۆت و زنجیری ئەم جیهانە پڕ لە پەیوەندە، ئیتر دڵ چی بۆ دەمێنێتەوە لەوە زیاتر کە بچێتە سەر ڕێ و شوێنی پەروانەو خۆی لەپێناوی ئەو ژیانە خۆشەدا بسوتێنێ.

هێندە صاحێب سیرە، (میعراج) و شەوی (قەدر) و (بەرات) خاصەجاتی ئەون و مومتازە بەم ئەسرارانە شەو (مەحوی، ١٣٨١، ٢٥٩).

لێکدانەوەی مامۆستا؛ شەوی قەدر: (لیلة القدر)، شەوە تاکەکانی دەرۆژی دوایی مانگی ڕەمەزان کە قورئانیان تێدا هاتوەتە خوار بۆ پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت، بەرات: شەوی بەرات، ١٥ی کولەمانگ (شعبان) کە ڕزق و ڕۆزی ساڵی نوێی تیا بڕیار دەدرێ لە لایەن فریشتەی ڕۆزییەوە بۆ خەڵک، خاصەجات: موڵکی تایبەتی، مومتاز: هەڵاوێردە. واتە: شەو ئەوەندە پایە بڵندە، خوا میعراج و شەوی قەدرو بەراتی خستوەتە ئەو بەتایبەتی داونی بەو و نەیداون بە ڕۆژ.

بەمشێوەیە مامۆستای پایە بەرز سەرەتا هەر وشەیەک ڕوونکردنەوەی پێویست بێت یان واتاکەی ڕوون نەبێت، دەیخاتەڕوو، ئینجا واتای دێرەکە بەگشتی لێکداوەتەوە، ئەم کارەی مامۆستا ڕۆشنایی بە دیدەو دڵ و دەروونی خوێنەران بەخشیوە بەوەی واتاکەی زۆر بە جوانی و زۆر بەوردی بەردەستەی خستووە.

## (٢-٣) نالی:

مامۆستا مودەڕیس بە هاوکاری (فاتح)ی کوڕی گەورەترین و دەوڵەمەنترین خزمەتیان بە دیوانی نالی کردووە، نالی وەک دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان و یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی کلاسیکی کورد، خاوەن زمانێکی قووڵ و پڕ مەعریفەو شاکارێکی بەرزی ئەدەبییە، لەبارەی ژیانی نالی شاعیرەوە نالی ناوی خدر(خضر)ەو کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگیی مکایەڵییە، هەروەک لە چەند دێرە شیعرێکیدا نالی ناوی خۆی هێناوەو دەڵێت:

لەبی تۆ ئاوی بەقا، من (خضر)م
فەیضیی تۆ ڕەحمەت و من سەوزە گیا (نالی، ١٩٧٦، ٢٤)

لە گوندی (خاک و خۆڵ) لە دەشتی شارەزور هاتوەتە دنیاوە، لەسەرەتای تەمەنییەوە قورئانی پیرۆزو هەندێ کتێبی فارسی خوێندووەو چووە بۆ فەقێیەتی لەپێناو وەرگرتنی زانستە ئاینییەکان، دواجار ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ناسناوی شیعری (نالی)یە، لەبارەی لەدایکبوونییەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ ساڵی ١٨٠٠-١٨٥٦ و د. مەعروف خەزنەدارو د. کەمال فوئاد هەمان مێژووی موحەممەد ئەمین زەکی یان داناوە، بەلام مامۆستا عەلا ئەددین سەججادی ١٧٩٧-١٨٥٥ی بۆ ژیان و مردنی نالی داناوە(نالی، ١٩٧٦، ٢٣-٢٥)، لەنێوانیاندا جیاوازییەکە زۆر نییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ڕای زۆرینە پەسەند بکرێت، لێرەوە ڕۆڵی مامۆستا مودەڕیس لە زیندووکردنەوەی دیوانی نالیدا لە چەند خاڵێکی گرنگدا دەخەینەڕوو:

### (٢-٣-١) کۆکردنەوەی شیعرەکانی نالی:

بۆ ئامادەکردنی دیوانی نالی، مامۆستا بەهاوکاری فاتحی کوڕی دەستیان بە کۆکردنەوەی نوسخەی دەستنووس و چاپکراوەکان کرد، یەکێ لەوانە کە نوسخەی دەستنووسی شیعرەکانی نالی نووسیوەتەوە، چروستانی بوو، مامۆستا مودەڕیس هەرکە دەزانی دیوانی نالی بە دەستخەتی خۆی نووسیوەتەوە، نامەیەک بۆ کوڕەکەی کاک ئەحمەد کوڕی خوا لێخۆشبوو مەلا موحەممەد چروستانی دەنێرێت، ئەویش وەک دڵسۆزێکی بە هیممەت دیوانە نالییەکەی بۆ ناردون، دوای ئەمە سۆراخی نوسخەیەکی تریشیان کردوە، کە دەستنووسی خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا عارفی چنگنیانی بوو، لەمبارەیەوە مامۆستا مودەڕیس نامەیەکی بۆ کاک موعتەصەمی کوڕی ناردوە، ئەویش زوو دەستنووسەکەی بۆ ناردوون، لەپێش ئەم دوو نوسخەیە، نوسخەی دیکەش هەبوە وەک نوسخە چاپەکانی مامۆستایان (عەلی موقبیل و کوردی و مەریوانی و گیوی موکریانی) (نالی، ١٩٧٦، ٦-٩)سەرباری ئەم نوسخانە؛ نوسخەی دەستنووسی (ڕەسولی حاجی ئەحمەدی توربەیی و مەلا فەتاحی کاگردەڵی و مەلا عەزیزی ڕێشاوی و مەلا عەبدوڵلای گەلاڵی و مەلا ئەحمەد ناوێک و نەجمەددین مەلا)و نوسخەی دەستنووسی کتێبخانەی توفیق وەهبی و موحەممەد ئەمین زەکی بەگ و شێخ موحەممەدی خاڵ و کەشکۆڵەی شێخ موحەممەد عەلی قەرداغی) (نالی، ١٩٧٦، ٧٢٣-٧٢٤)، ئەم کارە هەر بەزار ئاسانە، لەپشت ئەم کارە بەپێزەوە چ ماندوبوونێکی زۆر کێشراوە، بەمجۆرە ئەو دیوانەی ئەمڕۆی نالی لە ژێر دەستمانە بە کۆکراوەیی ئەو کۆمەڵە دەستخەتەوە لە لایەن مامۆستا مودەڕیس و موحەممەدی کوڕەکەی بەرهەمهێنراوە.

### (٢-٣-٢) ساغکردنەوەی شیعرەکانی نالی:

گەر چی ساغکردنەوەی شیعرەکانی نالی ئاسان نەبووە، بەلام لە لایەن مامۆستا مودەڕیس و فاتحی کوڕی جەخت کراوەتەوە سەر ئەو نوسخە دەستنووسەی (چروستانی و کاک موعتەصەمی چنگنیانی) و یارمەتییەکەی ئەوانیان بەلاوە زۆر گرنگ بووە لە مەیدانی ڕاستکردنەوەو ڕوونکردنەوەی دیوانی نالیدا، بە تایبەت مامۆستا چروستانی لەبەر ئەوەی لەگەڵ زاراوەی سلێمانی و شێوەی قسەی (نالی)دا ئاشنا بووەو دیوانی (نالی) زۆر باش زانیوە (نالی، ١٩٧٦، ٩-١٠) لەگەڵ ئەمەشدا نوسخەی چروستانی لە نوسخەکانی تر گەلێ وردتر و پوختر و پاکترو ڕاستترە، چونکە نووسەر لە زۆر شوێندا سەر و بۆری بۆ وشەکان کردووە و لە پەراوێزەوە نوسخەی زۆری

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

نووسیوەتەوە، لە هەموو نوسخە دەستنووسەکانی تر زیاتر زاوی عطف و یێی ئیضافەی داناوە، نووسەرانی کۆن عادەتیان وابوو پشتگوێیان دەخست، بەڵام چروستانی زۆری مەبەست بووە بە ئەمانەت تێکستەکە بنوسێتەوە، لە داوی نالی گەیشتوەو نەیویستووە زۆر شت ببرێتەوە (نالی، ١٩٧٦، ٧٢٤)، دەرکەوتنی ئەم ڕاستیانەیە لە خۆوە نەبووە بەڵکو دوای وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەو بەراوردکردن لەسەرجەم نووسخەکان بەدەستهاتوون.

## (٢-٣-٣) لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی نالی:

شیعری نالی بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی پڕە لە هونەرکاری ئەدەبی، مامۆستا مودەڕیس گرنگی داوە بە کردنەوەی ئەو کۆدە هونەرییە ئەدەبییەی کە لەنێو شیعرەکانی نالیدا هەن، وەک ڕوونکراوەتەوە نالی (ئەو بارو دۆخە ئەدەبییەی نالی تیایدا ژیاوە، کاری تێکردووەو زیرەکی و بلیمەتییەکەشی پاڵی پێوەناوە، هەرچی جوانکاری و وشە ئارایی هەیە بەکاریهێناوە، لەبەر ئەوە شیعرەکانی پڕە لە قوڵیی مەعناو ناسکیی هێما، پڕیشن لە (موحەسسیناتی بەیعی)، بۆیە شیعرەکانی نالی ئەو جوانییانەی ڕێبازی عیلمی (بەیع)ی گرتووەو شوێن پێی ڕەوانبێژی (بەلاغە)ی عەرەبی هەڵگرتووە) (نالی، ١٩٧٦، ١٥)، وەک: (طیباق، تەناسوب، تەورییە، حوسنی تەعلیل، کینایە، ئیستیعارە، لەف و نەشر، موبالەغە، جیناس، ئیقتباس، تەلمیح، هتد) (نالی، ١٩٧٦، ١٦-٢٢)، بۆ نموونە:

ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا (نالی، ١٩٧٦، ١٦)

مودەڕیس دەریخستووە کە ئەم دێڕە شیعرە (تەناسوب)ە واتە کۆکردنەوەی دوو یان چەند شتی هاوجۆر پێکەوە گونجاون، وەک کۆکردنەوەی (شەمس) و (قەمەر)و (ئەستێرە).

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی؟
کە لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا ئەکا؟ (نالی، ١٩٧٦، ١٧)

مامۆستا مودەڕیس فەرموویەتی: ئەمە (حوسنی تەعلیل)ە، ئەوەیە بەڵگەیەک بۆ دۆخێک دابنرێت، ئەو بەڵگەیەش شتێکی ڕاستەقینە نەبێت، تەنها بۆ ئیعتبارێکی ناسک و شاعیرانە بێت، وەک نیوەی دووەمی بەیتی داهاتوو لەگەڵ نیوەی یەکەمیدا شتێکی خەیاڵییە پەتک و هەودا ببێ بە هەرایان و بەربەرەکانێی یەکتر بکەن لە ناسکیدا.

ئەم لێکۆڵینەوەی مامۆستا مودەڕیس لە شیعرەکانی نالی وایکردووە دەرگە بۆ خوێنەران واڵا بکات و نهێنی قووڵی واتای شیعرەکانیمان بۆ ئاشکرا بکات، لەلایەکی ترەوە بووەتە هۆی ئەوەی بە نهێنی جوانییەکانی پشت دەقە شیعرەکانییەوە بگەن، بەمشێوەیە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (نالی)مان بۆ ڕوون ببێتەوە.

## (٢-٣-٤) ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی نالی:

مامۆستا مودەڕیس سەرەتا بە ناوی خودا دەستیپێکردووەو لە شیعرە کوردییەکان بەشێوەی پیتی (ئەلف و بێ) لەسەر بنچینەی پیتی کۆتایی یەکەم دێڕە شیعری هەر پارچە شیعرێک ڕێکخستووەو هۆنیویەتییەوە، ئینجا شیعرە عەرەبی و فارسییەکانی نووسیوەتەوە بەڵام لێکینەداوەتەوە تەنیا ڕوونیکردووەتەوە.

مامۆستا لە ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی شیعرەکانی نالیدا، گەرچی بە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە، بەڵام وشە بە وشە، دێڕ بە دێڕ ڕوونیکردووەتەوە، ئەوسا بە کۆی واتای دێڕە شیعرەکەی نووسیوەتەوە، ئینجا کۆدی سەجەم وشەکانی لە (هونەرەکانی ڕەوانبێژی، جوانیناسی و بابەتە ئاینییەکان و هتد) بەدەرخستووەو واتاو جۆری هونەری ڕەوانبێژی و ئایەت و حەدیسەکەی وەک خوانێکی ئامادەکراو خستووەتە بەردەستی دڵخوازانی خوێنەری شیعر، بۆ نموونە:

سیلاحی پەرچەمی پڕ خەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە
برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەردا (نالی، ١٩٧٦، ٨٨)

لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی مامۆستا مودەڕیس؛ سەرەتا واتای وشەکانی نووسیوە: پەرچەم: زوڵف، پڕ خەم: پڕ پێچ و لوول، تار: تاریک - تاڵی موو، غەمزە: چاو داگرتن-ئیشارەکردن بە چاو، هەودا: تاڵ، مەودا: تیژی.

خستنەڕووی واتای دێڕە شیعرەکە بەگشتی: واتە چەکی زوڵفی لوولی یار کاریگەرو ترسێنەرە، چ ئەگەر لەبەر ڕەشی و تاریکی بێ، چ لەبەر پێچ و لوولی بێ. برۆی وەک کەوان و ئیشارەتی چاوی وەک تیر کاریگەرن، چ لەبەر باریکی بێ و چ لەبەر تیژی بێ.

خستنەڕووی هونەرە ڕەوانبێژییەکە: لە کۆکردنەوەی (پەرچەم) و (پڕ خەم) ، (تار) و (مار)، (هەودا) و (مەودا)دا جیناسی لاحیق هەیە.

بەمجۆرە مامۆستا مودەڕیس سەرجەم شیعرەکانی نالی لێکیداوەتەوەو مەغزاو واتای وشەو دێڕە شیعرەکانی بۆ خستووینەتەڕوو، ئەگەر لێکدانەوەی مامۆستا نەبووایە بەشێکی زۆری وشەکان بۆ خوێنەران وەک گرێ کوێرە دەمایەوەو بەنهێنی واتا شاراوەکانی نێو شیعرەکان نەدەگەیشتین.

## (٢-٤) فەقێ قادری هەمەوەند:

مامۆستا مودەڕیس بە هاوکاری (فاتح)ی کوڕی؛ شیعری ئەم شاعیرە ناودارەی کلاسیکی کوردییان زیندووکردەوە، لەبارەی ناوەکەیەوە خۆی لە کتێبی (فەضیلەتی بەنی ئادەم) نووسیوەتی:

ئیسم موئەللیف توحفەی نەوادیر
تەسمیەش فاشەن بە (عبدالقادر)
ئەصڵم (هەماوەند) جاگەم (چەمچەماڵ)
نە شەهر (کەرکورک)
مەحبووسم (الحال) (هەمەوەند، ١٩٨٠، ١٩)

واتە فەقێ ناوی (عەبدولقادر) کوڕی (ڕسووڵ)ە، کوڕی (جوامێر)ی یەکەمەو لە تایفەی (بەگزادە)و لە فیرەی (چەلەبی)یە(هەمەوەند، ١٩٨٠، ١٥)، دوای بەدواداچونێکی زۆر

دەبێ لە ساڵانی ١٢٤٦-١٢٤٧ لەدایکبووبێ و لە ساڵانی ١٣٠٧-١٣٠٨دا کۆچی دوایی کردبێ (هەمەوەند، ١٩٨٠، ١٩)، بەزاری گۆران شیعرەکەی داڕشتووە، مامۆستا ڕای وایە بەپێی دەستنووسەکان فەقێ قادر خوێندنی ئایینی تەواو نەکردووەو نەگەیشتووەتە پلەی (موستەعید)، بۆیە ئیجازەی مەلایەتی وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە ناوی بە فەقێ مایەوەو پێی نەدەوترا (مەلا قادر)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاستێکی بەرزی هەبووە لەزانینی بەشێک لەزانستەکان (هەمەوەند، ١٩٨٠، ٢٣-٢٤)، بۆیە مودەڕیس فەرموویەتی: ئێمە زۆر شادمانین کە وا توانیمان ئەم بەرهەمەی فەقێ قادری هەمەوەندمان زیندوو کردەوەو خستمانە پێش چاوی بەرەی ئەمڕۆ و دواڕۆژی نەتەوەکەمان، بەمە بۆ یەکەمجار ئەم لایەنە تاریکەی ئەدەبی کوردمان کەمێک ڕوونکردەوە (هەمەوەند، ١٩٨٠، ٣)، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو خاڵانەی کە بووەتە هۆی زیندووکردنەوەو دانانی دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند و ناساندنی بە نەوەی ئەوساو ئێستا:

**(٢-٤-١) کۆکردنەوەی شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند:**

شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند پێش مامۆستا مودەڕیس بەشێوەیی دەستنووسی پەرتەوازە لە لای چەندین کەسەوە ماونەتەوە، بەڵام ((مامۆستا مودەڕیس لە ساڵانی ١٩٥٥ – ١٩٦٠دا بە هۆی ئارەزووی کۆنیەوە لە گەڕان بەدوای کەلەپووری ئەدەبیی کۆنی کورددا، بە هۆی تێکەڵی لەگەڵ هەندێ پیاوی پیری وریای ئەدەب دۆست، بە تایبەتی لە ڕێگای (فەقێ ڕەشیدی هەمەوەند کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەزیز)ەوە کە گەلێ وتاری ئەدەبی لەبەشی (شیعرو شاعیرەکانمان) لە (ڕۆژنامەی ژین)ی ساڵی ١٩٥٦/٢/٩ لەسەر فەقێ قادری بڵاوکردووەتەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ ژیان و بەسەرهات و شیعری (فەقێ قادری هەمەوەند) پەیداکردو ناوە ناوە شیعری ئەم زاتەی بەرگوێ دەکەوت، ئەمانە هەمووی بووە هۆی بیرکردنەوەی مامۆستا مودەڕیس بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی فەقێ قادر، کەوتە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی سەرچاوە)) (هەمەوەند، ١٩٨٠، ٤)، لەمڕووەوە کوڕی مامۆستا مودەڕیس؛ مامۆستا فاتح کە بەیەکەوە کاریان لە دیوانەکە کردووەو فەرموویەتی: بیرمان لە چاپکردنی کۆمەڵ شیعرەکان کردەوەو بە دوو قۆڵی خەریکبووین و پشتمان بە تێکڕای ئەم دەستنووسانە بەست:

١- نوسخەی یەکەم دەستنوسی میرزا موحەممەد ڕەحیمی کوڕی کێخا سلێمانی سماقلوویی، ناوێکە کە کاتی خۆی لەگەڵ فەقێ قادر لە بەندیخانەی کەرکوک پێکەوە حەپس بوون، ئەم پیاوە دیوانەکەی بۆ فەقێ قادر نووسیوەتەوە، خەتی خۆشبووە، بەڵام ڕێنووسی بە باشی نەزانیوە، بۆیە هەڵەی زۆر لە نووسینەکەدا هەیە، ئەم نوسخەیە لە ساڵی ١٢٩٧ەوە تا١٣٠٢ی کۆچی نووسراوەتەوە.

٢- نوسخەی دووهەم کە لە دوو بەرگدا نووسراوەتەوە، دەستنووسی حەیدەری کوڕی عەزیزی کوڕی خوسرەوی کوڕی موحەممەد هەمەوەندە کە مامی فەقێ قادرە، ئەم نوسخەیە بەتەواوی پەڕپووت بووەو داڕزاوەو بەهۆی جزووبەند نەکرانیەوە لە زۆر شوێندا لێی فەوتاوە، ئەم نوسخەیە هەردوو بەرگەکە لە ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی نووسراونەتەوە.

٣- نوسخەی سێهەم دەستنووسی کاک نەجمەددین فەتتاحی هەمەوەند، کە خزمی فەقێ قادرە، ئەم نوسخەیە بە تەواو دانانرێت، چونکە بریتییە لە تەنها قەسیدەکان و هەندێکی بابەتی (جەبری و ئەشعەری)و هەندێک لە بابەتی (دروودنامە)و هەندێک لە بابەتی (میعراج نامە)، بەڵام باشییەکەی لەوەدایە کەبەشی زۆری ئەوەی لەنوسخەکەی حەیدەر عەزیزدا فەوتاوە لەم نوسخەیەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش کە قەسیدەکان لە نوسخەکەی میرزا موحەممەد ڕەحیمیدا بەهیچ جۆرێ نین، بۆیە ئەگەر ئەم نوسخەیەی نەجمەددین نەبوایە، ئەو قەسیدانە هەمووی دەفەوتان، ئەو نوسخەیە وەک نەجمەددین خۆی نووسیویە، لەسەر نوسخەکەی حەیدەر عەزیز لەساڵی ١٩٦٢و١٩٦٧دا نووسراوەتەوە (هەمەوەند، ١٩٨٠، ٥-٧)، بۆ ناسینەوەی نوسخەکانیش؛ پیتی یەکەمی ناوی خاوەن دەستنووسەکە بووە بە نیشانە، بۆ نوسخەی یەکەم پیتی (م) لە میرزا، بۆ نوسخەی دووەم پیتی (ح) لە حەیدەر، بۆ نوسخەی سێیەم پیتی (ن) لە نەجمەددین وەرگیراوە (هەمەوەند، ١٩٨٠، ٩).

دیوانەکەی فەقێ قادری هەمەوەند لەبەر ڕۆشنایی هەر سێ نوسخەکەدا نووسراوەتەوە، هەر قەسیدەو پارچە شیعرێک، کە لە نوسخەیەکدا نەبووبێت، یان ناتەواو بێت، ئەوا وەک تەواوکاری یەکتر لەبەر یەکتر نووسراونەتەوەو دیوانەکەیان پێکهێناوە، بەمشێوەیە دیوانە شیعرییەکەی فەقێ قادری هەمەوەند لەدایکبووە.

**(٢-٤-٢) ساغکردنەوەی شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند:**

یەکێک لە گەورەترین و قورسترین کارەکانی مودەڕیس ساغکردنەوەو ناسینەوەی شیعرەکان بووە، لەگەڵ (ڕیزبەندکردنی بابەت و دێڕی شیعرەکان کە کامە بەدوای کامەیەو دانانی بەشێوەیەکی تەواو و دروست و کامە دەستنووس لە نوسخەکانی فەقێ قادری هەمەوەند ڕەسەنەو سەرەکییە، دەبینین لە لای مامۆستا (نوسخەکەی میرزا (م) نوسخەی ئەسڵییە، چونکە لە داوێنی هەر لاپەڕەیەکی جووتەوە وشەیەک یان دوو وشە بە دەستنووسی میرزا موحەممەد ڕەحیم خۆی نووسراوە، ئەو وشەیە یا ئەو دوو وشەیە سەرەتای یەکەم بەیتی لاپەڕەی تاقی بەرابەرن، خوێندەوار وەک پردەباز پێی دەکاتە ئەو بەرەوەو دەزانێت لاپەڕەی ئەوبەر لە جێی خۆیایەتی و نەگۆڕاوە، جا کتێبێک لە کتێبەکانی ناو کۆمەڵە بەرهەمەکە تەواو دەبێت، دیارە وشە بەردەبازەکە نامێنێ و سەر لەنوێ لە کتێبی دواییدا دەست پێ دەکاتەوە، بۆیە ڕێی تێ دەچێت لە سەرەتای کتێبێک لە شوێنێکی تردا بووبێت غەیری شوێنی ئێستای، وەک چۆن لە جزووبەندا هەندێ لاپەڕە کەوتووەتە شوێنی ترو ئێمە بەهۆی ناسینەوەی بابەت و بەراوردی وشە بەردەبازەکانەوە گێڕامانەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەمەش هۆیەکی تر بوو بۆ ئەوە کە لە نووسینەوەی بابەتەکاندا ساڵی دانانیان بکەین بە سەنگ و تەرازووی ڕیزکردنیان) (هەمەوەند، ١٩٨٠، ١٠-١١)، مامۆستا بە ئەمانەتێکی زانستییەوە وشەو دێڕە شیعرەکانی بەدوای یەکدا دۆزیوەتەوەو دایناوەتەوەو دیوانەکەیان بەرهەمهێناوە.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

**(۲-٤-۳) ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند:**

مامۆستا لەکاتی نووسینەوەی شیعرەکان بەپێی نوسخەی دەستنووسەکانی ژێر دەستی ڕاستیکردونەتەوەو ئەوەی لەڕووی ڕینووسیشەوە هەڵە کرابێت، ئاماژەی بە ڕاستەکەی کردووەو لە پەراوێز نووسیویەتییەوە؛ بۆ نموونە:

چون کەریمەن حەق غەفوور و ڕەحیم
ئەبلەهـ ئەو کەسەن جە حەق کەرۆ بیم (هەمەوەند، ۱۹۸۰، ۲۸۳)

مامۆستا لە ڕاستکردنەوەدا فەرموویەتی: لە دەستنووسەکەی میرزا دا بە هەڵە لە جیاتی (ئەو کەسەن) نووسراوە (دوکسا = دوو کەسەن)، مودەڕیس لە داڕشتنەوەی شیعرەکان کامەی دروست بووە لە هەر سێ نوسخەکە؛ نووسیویەتییەوە، هەڵەکەشی لە پەراوێز داناوە بۆ ئەوەی هەڵە و ڕاستەکە بزانرێت و واتاکەی بەهەڵە لێکنەدرێتەوە.

**(۲-٤-٤) ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند:**

مامۆستا مودەڕیس سەرەتای دیوانەکە بە (ناوی خودای گەورە) دەستپێکردووەو سەرەتای شیعرەکەش (دروودنامەیە)، بە زاری گۆرانی نووسراوە، دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند بۆمان دەرکەوت، کە وا دێڕە شیعرەکان بە تەواوی لێکنەدراونەتەوە، هەروەک مامۆستا و فاتحی کوڕی فەرموویانە: (ئێمە نەهاتین شیعر بە شیعر مەعنای شیعرەکان لێکبدەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەعنای وشە زانرا؛ مەعنای لێدانەوەی شیعرەکان زەحمەت نابێت، لایەکی تر بەرهەمەکە زۆرەو بەو جۆرە مانا لێکدانەوەیە دوو سێ ئەوەندەی تری لێ دەردەچێ و توانای لەچاپدانیمان نەدەما، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر کوێەک کەم و کوورییەک یا هەڵەیەک یا لەسنووری ڕاستەقینەی ئایین لادانێک بووبێ، ئیشارەتمان بۆ کردووەو ڕووی ڕاستی مەسەلەکەمان دەربریوە) (هەمەوەند، ۱۹۸۰، ۱۳)و ڕوونکردنەوەی لەبارەیەوە نووسیوە، بۆ نموونە:

چون تۆی فەریاد ڕەس بە کێ بەروون داد
کێ هەن غەیر جە تۆ (بصیر العباد) (هەمەوەند، ۱۹۸۰، ۵۲۹)

مامۆستا مودەڕیس لە ئیشارەتدانی بە (بصیر العباد) ڕاستەکەی (بصیر بالعباد)ە، چونکە لە قورئاندا بەم صیغەیە نەهاتووە، مامۆستا زۆر ورد بووە لە دانانەوەی وشە شیعرییەکان، لەهەمان کاتدا مامۆستای زانا نەیهێشتووە چەمک و وشەکانی قورئانی پیرۆز بە وردی ڕاستەکەی دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی خوێنەران لێ بەئاگا بن.

ئەر حەق نەفیسەی دونیا جە نەعیم
کەردەنش بەیان جە ئایەی قەدیم
ئێدەن جە حیکمەت (علي العلام).
بەیۆ بە تەفهیم دەڕڕاکەی عەوام
(هەمەوەند، ۱۹۸۰، ۵۸۹)

مامۆستا لە لێکدانەوەی ئەم دوو دێڕە شیعرەدا: ئەگەر خودای گەورە نیعمەتەکانی بەهەشتی بە نیعمەتەکانی دونیا شوبهاندبێ لە قورئاندا، بۆ ئەوەیە خەڵک تێی بگەن، ئەگینا نیعمەتی ئەم دونیا و نیعمەتی بەهەشت هەرگیز بەراورد ناکرێن بە یەک، ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر جوانی بۆ کردووەو واتای دێڕە شیعرەکانیشی گەیاندووە.

**(۲-٤-٥) فەرهەنگۆکی شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەند:**

بۆ زانینی واتای وشەی شیعرەکان، فەرهەنگۆکێک لە کۆتایی دیوانەکە دانراوە، لەسەر زاری خۆیانەوە (پاش نووسینەوەی تێکستی شیعرەکان؛ فەرهەنگۆکێکمان بۆ ئەو وشانە ڕێکخست، بۆ ئەو خوێندەوارانەی لە شێوەی گۆرانی نائاگا بوونە، لەناو ئەو وشانەش ئەوەی لای خۆمان ئاشکرا نەبووبێت؛ پشت بە فەرهەنگی فارسی و عەرەبی ڕاستمان کردوەتەوەو مەعنامان لێ داوەتەوە (هەمەوەند، ۱۹۸۰، ۱۳)، فەرهەنگۆکەکە بە حەرف ئەبجەدی کراوە، لە پیتی (أ) دەستپێکردووە تا پیتی (ی)، بۆ نموونە:

ئارۆ: ئەمڕۆ
بادە: مەی
تار: تەرح، جۆر، تاریک
ثەبەتمەبی: دەنووسرا (هەمەوەند، ۱۹۸۰، ۷۵٦..)

بەمشێوەیە تا کۆتایی وشەکەی بە گۆرانی نووسیوەو واتاکەی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست نووسیوەتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترینی خوێندەواران لە واتاکەی تێبگەن و شارازەیی لێیانەوە پەیدا بکەن.

**(۲-٥) سالم:**

بۆ نووسینەوەی دیوانی سالمی شاعیری کلاسیکی کورد؛ مامۆستا مودەڕیس بەهاوکاری هەردوو کوڕی (فاتیح و موحەممەد) کارەکەیان ئەنجام داوە، سەبارەت بە ژیاننامەکەی سالم سوود لە زانیارییەکانی (کوردی – مەریوانی) وەرگیراوە، کە لەپێشەکی چاپی (دیوانی سالم)دا نووسیویانە، سالم ناوی عەبدوڕڕەحمان بەگە کوڕی محەمەد بەگی قەرەجەهەننەم کوڕی ئەحمەد بەگی صاحێبقڕان و ئامۆزای (مستەفا بەگی (کوردی)یە)، ناسناوی شیعری (سالم)ە، زۆربەی ژیانی لە تاران لە ئاوەرەیی و (سنە) بووە دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەوێ لە لای گۆڕی (مستەفا بەگی کوردی)یەوە نێژراوە، وەک خزمەکانی دەڵێن: سالم لە (۱۸۰۵-۱۸۰٦) تەوەللودی بووەو لە ساڵی (۱۸٦۹-۱۸۷۰) وەفاتی کردووە (سالم، ۲۰۱۵، م-ن)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا نین، ئەمە چ جای ئەوەی لە سەر شێوازی خوێندن و ڕێچکەی ژیانی لەو بوارەدا لە دیوانەکەدا نەنووسراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستنووسانەی کە تیایدا باس نەکراوەو شاعیر خۆشی ژیاننامەکەی نەنووسیوەتەوە، نەک ئەم شاعیرە بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شاعیران، دوای خۆشیان کەسانێکی خەمخۆر نەبوون بینووسنەوە، بێگومان ئەمەش کەلێنێکی گەورەیەو هیچ شتێک پڕی ناکاتەوە، ڕۆڵی مامۆستا مودەڕیس لە زیندووکردنەوەی دیوانی سالمدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینرێتەوە:

**(۲-٥-۱) کۆکردنەوەی شیعرەکانی سالم:**

بۆ بەرهەمهێنانی دیوانی سالم، مامۆستا مودەڕیس بەهاوکاری کورەکانی (فاتح و موحەممەد) دوای تەواو بوونی دیوانی نالی دەستیان بە کۆکردنەوەی نوسخە دەستنووسەکانی شیعری (سالم)یان کردووە، باس لەوە دەکەن لەڕێگەی چەند کەسایەتییەوە بەدەستیان گەیشتووە، وەک: (نوسخەکانی هەردوو چاپی (کوردی-مەریوانی)و (گیوی موکریانی)و (نەجمەدین مەلا)و گەیشتنی دوو وێنەی دەستنووسەکەی (بەرلین) لەساڵی ١٩٨٤ لەڕێی (فەریاد فازیل عومەر)ەوە، بەگشتی هەموو ئەو نوسخانەی سوودیان لێوەرگیراوە بۆ چاپکردنی دیوانی ساڵم بریتیین لە: نوسخەی (نافیع مەزهەر، کەشکۆڵی حاجی مەحمودی یارویس، سەیید محەمەد صادقی حسەینی، کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی، مەلا عەبدوڵڵای قزلجی، ئەحمەد ئاغا، کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران، ڕەفیق ساڵح، (مینای شکستە)ی نەجمەدین مەلا، پیرەمێردی نەمر)، بەتایبەت یەکەم چاپی دیوانی سالم، ساڵی ١٩٣٣ چاپخانەی ئەیتام لە بەغدا، بڵاوکراوەی ژمارە (٣)ی (نەشریاتی کوردی-مەریوانی) کە (مستەفا صائیب و تاهیر بەهجەت مەریوانی) خاوەنی ئەم پڕۆژەیەن) (سالم، ٢٠١٥، چ-ل) ئەو دڵسۆزانە بە لەخۆبووردوییەوە کە نواندوویانە بۆ ئامادەکردن و نووسینەوە یا لە چاپدانی شیعرەکانی سالم، خزمەتێکی گەورەیان بە ئەدەبیاتی کوردی کردووەو گەنجینەیەکی گرانبەهایان لە فەوتان بۆ ڕزگار کردووین (سالم، ٢٠١٥، ر)، بەمشێوەیە دیوانی سالم پێکهێنراوە.

### (٢-٥-٢) ساغکردنەوەی شیعرەکانی سالم:

مامۆستا مودەڕیس لەسەرەتای کارکردنی دەستخەتەکانی ساغ کردووەتەوەو (کاری لەسەر نوسخە چاپەکەی (کوردی-مەریوانی) کردووەو وەک نوسخەیەکی سەرەکی بەکاریهێناوە، دوای ئەوە (مەلا فاتح مودەڕیس) نوسخەی یەکەمی بەرلین، کە بەتایبەتی بۆ سالم نووسراوەتەوە کاری لەسەر کردووەو بە نوسخەی سەرەکی و بنچینەیی و نوسخەکانی هەردوو چاپی (کوردی-مەریوانی)و (گیوی موکریانی)و (نەجمەدین مەلا)و دەستنووسی دووەمی بەرلینی لەگەڵ بەراورد کردووەو جیاوازییەکانی دەستنیشانکردووەو دەقە شیعرەکانی ڕێکخستووەتەوە) (سالم، ٢٠١٥، چ)و دیوانەکەی سالم بەرهەمهاتووە، سەرباری ئەوەش ((هەندێ پارچە شیعری سالم لە دیوانی کوردی: مستەفا بەگی (کوردی)ی ساحێبقران، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا حەمە بۆر، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای ئاراس-هەولێر، ٢٠١٠)) (سالم، ٢٠١٥، ل)، بڵاو بووەتەوەو بە هەڵە بەناوی (کوردی)یەوە تۆمارکراوە، بۆ نموونە:

قەوسی ئەبرۆ و موژەت تیر و کەمانە بە عومەر
نیگەهت قەیدی دڵ و نافیی جانە بە عومەر.....تاد (بەرگی دووەم، ل١٤٦ لە دیوانی کوردی)

بەڵگەی خاوەنایەتی (سالم) ئەوەیە کە لە نوسخەی (دەستنووسی یەکەمی بەرلین)دا هەیە، ئەوەی کە بەتایبەتی بۆ سالم خۆی نووسراوەتەوە، بێجگە لەوەش لە نوسخەکانی ( کوردی -مەریوانی)و (کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی)و (مەلا عەبدوڵڵای قزڵجی)دا هەیە.. (سالم، ٢٠١٥، ل)، ئەم کارەش دوای بەدواداچوونێکی زۆر وردو باش و بەراوردکردن و لێکۆڵینەوەی نوسخەکان دێتە کایەوە، دواجار نوسخەی پاکنووسی دیوانی سالم چاپ دەکرێت.

### (٢-٥-٣) ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی سالم:

مامۆستا مودەڕیس لە ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی شیعرەکانی سالمدا نووسیویەتی: ((الحمدلله لە عەصری ڕۆژی دووشەممی ئاخیری ذیلقەعدەی هەزارو سێ صەدو هەشتاو یەکی هیجری موصادیفی ١٧/ ١/ ١٩٧٢ی میلادی ڕزگار بووم لە نووسینەوەی شەرحی دیوانی سالم لە مەدرەسەی پیری گەیلانی لە بەغدا دا - عەبدولکەریم ئەلمودەڕریس (ئیمزا) )) (سالم، ٢٠١٥، چ)، مامۆستا مودەڕیس سەرەتا لە شیعرە کوردییەکان بەشێوەی پیتی (ئەلف و بێ) لەسەر بنچینەی پیتی کۆتایی یەکەم دێڕە شیعری هەر پارچە شیعرێک ڕێکیخستووەو هۆنیویەتییەوە، ئینجا شیعرە فارسییەکانی لێکداوەتەوە.

گەر لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی مامۆستا و هاوکاری کورەکانی (فاتیح و موحەممەد) نەبووایە لە واتای شیعرەکانی سالم لە زمانەکانی کوردی و فارسی بە تەواوەتی و بە دروستی تێنەدەگەیشتین، ئەمە چ جای ئەوەی بە زاری کرمانجی ناوەڕاستی نووسیوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وشەیەک واتاکەی ڕوون نەبووبێت؛ واتاکەی نووسیوەتەوە، دواتر واتای تەواوی دێڕە شیعرەکەی لێکداوەتەوە، لەگەڵ ئاماژەدان بەو وشەو دێڕانەی کە لە دەستخەتەکانی تردا هەیەو هەڵەکانیان دیاریکردووە، هەمان هەنگاویان بۆ شیعرە فارسییەکانیشی جێبەجێکردووە.

جێی باسە مانای هەندێ وشەو زاراوەیش کە پێویستی بە فەرهەنگ بووە، فەرهەنگەکانی (خاڵ، هەنبانە بۆرینە، اساطیر، عمید، معین، سخن)یان بۆ بەکارهێناو ڕوونکراوەتەوە، لە لایەکی تر؛ لە سەرەتای هەر قەسیدە و پارچە شیعرێکی سالم کێشی شیعرەکە نووسراوە، لەمبارەیەوە موحەممەدی مەلا کریم کوڕی مامۆستا فەرموویەتی: (دوای ئەوەی نوسخەی دیوانەکە ئامادە کرا، یەکەم و دواین بەیتی هەر پارچە شیعرێکی خرایە بەردەستی بەڕێز (دوکتور عەزیز گەردی)، تا کێشی عەرووزریان بۆ دیاری بکات، ئەویش بە سوپاسێکی زۆرەوە ئەم ڕاسپێرییەی بەجێهێنا، بەم دوا دواییەش کە دیوانەکە لە دواین قۆناغی ئامادەکردنیدا بوو، دەقی هەموو پارچە شیعرەکان جارێکی تر خرایەوە ژێر دەستی بەڕێزیان، لە پاڵ ڕاستکردنەوەو پێداچوونەوەی کێشی عەرووزیاندا، هێندێ سەرنجی دروستی خستە بەردەست سەبارەت بە خوێندنەوەو نووسینی ئەو بەیتانە کە گرفتی کێشیان هەیە، ڕەچاو کران) (سالم، ٢٠١٥، خ)، ئەم کارە دوای وەفاتی مامۆستا مودەڕیس بووە، دوجار لەپێناو خزمەتی گەیاندنە بە ئەدەبیاتی کوردو ڕۆشنایی دیدەی خوێنەرە، بۆ نموونە:

لە یەمی موعجیزەتا قەطرەیە ئەنفاس و کەلام
هەردو لا شاهیدی ئەم قەولە، چ عیسا، چ کەلیم (سالم، ٢٠١٥، ٤٩٠)


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

کێشی عەرووز: ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوورە (سالم، ٢٠١٥، ٤٨٩)

سەرەتای لێکدانەوەکە: مامۆستا مودەڕیس بە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکانەوە دەستی پێکردووە: یەم: دەریا، ئەنفاس: مەبەستی نەفەسی عیسایە (د.خ) کە بە فەرمانی خودا مردووی زیندوو دەکردەوە، کەلام: مەبەستی قسەی خوای گەورەیە لەگەڵ مووسا (د.خ)؛ ئەم دووانە هەردوو موعجیزە بوون.

ئینجا واتای تەواوی دێڕەکەی خستووەتەڕوو؛ واتە: سالم ڕووی لە دەرگای خودای گەورە کردووەو وتوویە: هەناسەو فووی عیسا لە دەریای فراوانی موعجیزەی تۆ دایەو قسەی لەمەڕ مووسا لە کێوی طوور قەترە بە دەریایە، لەهەمان کاتدا چ عیسا و چ مووسا هەردووکیان شایەتی ئەم ڕاستییەن.

صیدقی پاکی بێتە ڕێم، با موددەعی بگرێ کەمین
بۆ طەوافی کەعبەیی کۆی تۆ، خودا سەتتارمە (سالم، ٢٠١٥، ٧٩٨)

لێکدانەوەی مامۆستا مودەڕیس: صیدق: ڕاستگۆیی، موددەعی: بەدکار، کەمین: بۆسە، طەواف: بەدەوردا گەڕان و سووڕانەوە، کۆ: بەردەرگا، سەتتار: داپۆش، سیفەتێکی خودایە.

واتە: با بەدکار بۆسەم بۆ بنێتەوەو بیەوێ بمکوژێ، من چونکە ڕاستگۆیی و پاکی خۆم دێنەوە ڕێم، تووشی زیان نابم، من مادەم بۆ زیارەتی کابەی دڵبەر دەچم، خودای گەورە دەخاتە ژێر باڵی ڕەحمەتی خۆی و دەمپارێزێ.

گەر لێکدانەوەی مامۆستا مودەڕیس نەبووایە، شیعرەکانی سالم بە ناروونی و لێڵی دەمایەوە، چونکە گەلێ وشە هەن خوێنەر ناتوانی پەی بە واتاکەی ببات، لەبەر ئەوە لێکدانەوەی شیعرەکانی سالم لە لای مامۆستاوە بە گرنگترین و گەورەترین کاری زانستی دادەنرێت، کە بە هۆیەوە شیعرەکانی زیندوو کردەوەو لە لەناوچوون بەدووری گرتن.

**(٢-٥-٤) فەرهەنگی شیعرەکانی سالم:**

سەرباری ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان لە شوێنی خۆی، بەڵام بۆ زیاتر گەیاندنی واتای وشەکان لە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی) فەرهەنگۆکێک بۆ (١٣٦٠) وشەیی بۆ برێکی زاراوەو وشەی شیعرەکان و ناوی زاناو نووسەران سازکراوەو ڕێکخراوە (سالم، ٢٠١٥، چ)، بەمشێوەیە:

ئاب (فارسی): ئاو، ڕەونەق، جوانی.
ئافەت (عەرەبی): پەتا، بەڵا
ئەرغەوان (کوردی): ئەرخەوان
قوللغ (تورکی): بەرتیل (سالم، ٢٠١٥، ١٠٧٣-١١٣٣)

زیاتر واتای وشە فارسی و عەرەبییەکان نووسراوە، بۆ ئەوەی واتای وشەو دێرە شیعرەکان باشترو جوانتر ڕوون ببێتەوە.

## 2.ئەنجام

**توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:**

- مامۆستا مودەڕیس گەلێک ناسناوی هەیەو لەنێو ئەم ناسناوانەش زیاتر بە مودەڕیس ناوبانگی ڕۆیشتووە، چونکە لە بەشێک لە گوند و شارەکانی کوردستان و بەغدادا وانەی ئایینی و شەریعەتی وتووەتەوەو پێشنوێژو وتارخوێن و بانگخوازی ڕێگەی حەق بووە، بەڵام لە بواری ئەدەب و شیعر بەتایبەت بە نامی ناسناوی دەرکردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە وا مامۆستا مودەڕیس خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئەدەبی کوردی و شیعری شاعیران و هۆنینەوەی شیعر هەبووە.

- زانای پایە بەرز مامۆستا مودەڕیس بە یەکێک لە پڕ بەرهەمترین نووسەری کورد دادەنرێت، چونکە خەرمانێکی گەورەو بەنرخی لە کۆمەڵی دەستنووس و بەرهەمی چاپکراو و کۆکردنەوە لێکدانەوەی شیعری شاعیران بۆ بەجێهێشتووین.

- مامۆستا مودەڕیس پێی وابووە کوردبوون و پابەندبوون بە ئایینەوە دوو چەمکن؛ تەواوکەری یەکترن و زمانی کوردیش ئەو پردەیە کە ئەم دوو لایەنەی بەیەکەوە گرێ دەدات، چونکە مامۆستا مودەڕیس لە حوجرەو مزگەوتەکاندا زمانی کوردی کردە زمانی زانست و مەعریفەو گەیاندنی پەیامە ئایینی و زانستە شەرعی و ئالییەکان.

- بەهای زانستی لای مامۆستا مودەڕیس واتە زانست ڕووناکییە بۆ ناسینی خودا و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، مودەڕیس تەنیا وتاربێژ و ئیمام و خەتیب و کۆکەرەوەی زانست نەبوو، بەڵکو زانا و حەکیم بوو، واتە زانستە ئالییەکانی بۆ تێگەیشتنی دروستی زانستە شەرعییەکان بەکاردەهێنا، تاوەکو کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەمبهێنێت.

- مامۆستا لە دوو توێی کتێبی یادی مەردان باسی هەر یەک لە (مەولانا خالید و شێخ عوسمان سەراجەددین)ی کردووە، لە چەند شوێنێکی پێویست نەبێت لێکدانەوەی بۆ شیعرەکانی ناوبراوان نەکردووەو بۆ هەر یەکەیان دیوانێکی سەربەخۆی بۆ دانەناون، بەڵام بە وردەکارییەکی زۆرەوە باسی تەواوی ڕێچکەی ئەم زاناو شێخ و شاعیرانەی کلاسیکی کوردی کردووە.

- مامۆستا مودەڕیس تەنیا دیوانەکانی نەخستووەتە بەردەستی ئێمەمانان، بەڵکو شوناسی شاعیرە گەورەکانی نەتەوەی کوردی زیندوو کردەوە، ئەگەر هەوڵەکانی مامۆستا نەبووایە، زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی ئەم کەڵە شاعیرانە لەسنوورێکی بەرتەسک دەبوو.

- مامۆستا لە لێکدانەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا، سەرجەمیانی لە بەغداد ساغکردووەتەوەو لێکدانەوەی بۆ کردوون.

- مامۆستا زۆرترین کاری لەسەر دیوانەکانی مەولەوی بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی کردووەو زیاتر لە هەموو ئەو شاعیرانە گرنگی پێداوەو لێکدانەوەی شیعرەکانیش بەپێی قورسی و ئاسانی وشەکان بووە.

- مەحوی شاعیر بە لێکدانەوەی مامۆستا مودەڕیس لە شیعرەکانیدا، دەرکەوتووە شیعرەکانی پڕە لە زاراوەی تەسەوف، بێگومان گەر لێکدانەوەی ئەم زاتە نەبووایە، ئەوا ئێمە بە نهێنییەکانی پشت دەقە شیعرە بەهێز و واتا قووڵەکانی نەدەگەیشتین.

- مامۆستا لە لێکدانەوەی دیوانی فەقێ قادری هەمەوەندا لێکدانەوەیەکی تێروتەسەلی بۆ نەکردووە، بەڵکو لە هەر شوێنێک پێویستی هەبووبێت لێکدانەوەی بۆ کردووەو واتای وشەکانیشی ڕوونکردووەتەوەو لە کۆتایی دیوانەکەشدا فەرهەنگۆکێکی بۆ وشەو ماناکان لە لایەن کوڕەکانی (فاتح و موحەممەد) مەلا کریم بۆیان داناوە، تەنانەت بۆ دیوانی سالمی شاعیریش فەرهەنگیان داناوە، بەلام بۆ شاعیرانی تر دانەنراوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی واتای هەر وشەو دێڕێک لە شوێنی خۆی بۆ دانراوەتەوە لە لایەن ماموستا مودەڕیسەوە.

- مامۆستا دەریخستووە نالی بە هونەرکاری و جوانیناسی و زانستی ڕەوانبێژی دەناسرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ماموستا مودەڕیس زۆر بە وردی وشەو دێڕە شیعرەکانی دیاریکردووەو هونەرە ڕەوانبێژییەکانی نێو دێڕە شیعرەکانیشی بەدەرخستووە، بەڵام لە شیعرەکانی سالمدا گەرچی لێکدانەوەیەکی وردی بۆ کردووە، بەڵام هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەنێو وشەو دێڕە شیعرەکاندا دەستنیشان و شی نەکردووەتەوە، بەراورد بەمە کێشی شیعری هەموو پارچە شیعرەکانی سالم لە لایەن دکتۆر عەزیز گەردی دیاریکراوەو بۆ شیعری شاعیرەکانی تر دیارینەکراون.

- مودەڕیس لە غوربەتی بەغداد دا، نەک هەر ڕەسەنایەتیی خۆی ون نەکرد، بەڵکو ئەو شارەی کردە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی پەرش و بڵاوی دیوانی شاعیرە گەورەکانی وەک (نالی، مەحوی، مەولەوی، سالم،...) و بە گیانێکی پڕ لە سۆزەوە جارێکی تر ڕووحی بە بەرداکردەوە.

**Abstract:**

This study is entitled ((Mullah Abdulkarim AL-Muderis -Passion and foundation of revival and preservation of classical Kurdish poetry in Baghdad)) Mullah Abdulkarim Muderis as a noble and unprecedented personality of the Kurdish nation; He was not only a great religious scholar and mufti, but also played a major role in preserving the identity of Kurdish literature in Baghdad. Like Nali, Rumi, Mahvi, Salim, etc., Mullah Abdulkarim Muderis worked on the books of great poets with national passion and scientific accuracy He has incorporated philosophy, Shari'a science, etc. into his classical poems, which has saved Kurdish classical poetry from extinction and revived it once again. It was the pure passion he had for Kurdish poets. He lovingly commented on the works of Nali, Rumi and Mahvi. Our nation is now proud of its literary past, so this research is divided into two parts: the first part (the background of introducing Abdulkarim Muderis in Baghdad) and the second part is dedicated to (works of classical Kurdish poetry Finally, the results and the sources used are presented.

**Keywords:** Scientist, Muderis, Passion and Revival, Poetry, Kurdish Classical, Baghdad.

**ملخص:**

مدار هذا البحث الموسوم ب(ملا عبد الكريم المدرس-شغفه وأساسه في إحياء وحفظ الشعر الكردي الكلاسيكي في بغداد))، يُعدّ الملا عبد الكريم مدرس شخصيةً نبيلةً وفريدةً من نوعها في الأمة الكردية؛ لم يكن مجرد عالم دين ومفتي عظيم، بل لعب دورًا محوريًا في الحفاظ على هوية الأدب الكردي في بغداد. وكما فعل نالي، ومحوي، وسالم، وغيرهم، عمل المدرس على دواوين الشعراء العظام بشغف وطني ودقة علمية. لم يكتفِ عبد الكريم المدرس بجمع قصائده، بل بفضل معرفته العميقة باللغات الكردية والعربية والفارسية والتركية، أدخل علوم الشريعة وغيرها في قصائده الكلاسيكية، مما أنقذ الشعر الكردي الكلاسيكي من الاندثار وأعاد إحياءه. ما يميز المدرس عن غيره من الشخصيات هو شغفه العميق بالشعراء الأكراد، حيث كان يعلق بإعجاب على أعمال نالي و سالم ومحوي..، لهذا البحث: ينقسم هذا البحث إلى قسمين: الأول يتناول خلفية ظهور عبد الكريم مدرس في بغداد، والثاني مخصص لأعمال الشعر الكردي

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**[//sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date: [2026/2/24]**, **Accepted Date: [2026/3/31]**, **Published Date:** [02/08/2026]

الكلاسيكي وكيفية إحياء وتفسير رموزه. وقد تم إدراج المصادر المستخدمة.

**الكلمات المفتاحية:** العلامة، المدرس، الشغف والإحياء، الشعر، الأدب الكردي الكلاسيكي، بغداد.

### 3.سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


– سالم، عەبدوڕڕەحمان بەگی صاحێبقران (٢٠١٥)، دیوانی سالم، ساغکردنەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەممەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، بنکەی (ژین) بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی.

– سالم، عەبدوڕڕەحمان بەگی صاحێبقران (٢٠١٥)، دیوانی سالم، ساغکردنەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەممەدی مەلا کەریم، بەرگی دووەم، بنکەی (ژین) بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی.

– قەرەداغی، موحەممەد عەلی (٢٠٠٨)، بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لەرێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی هەشتەم، چاپی یەکەم، دەزگاری ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

– مدرس، مەلا عەبدولکەریم (١٩٨٥)، نووری قورئان، دار افاق عربية للصحافة والنشر، بغداد.

– مدرس، مەلا عەبدولکەریم (١٩٩١)، بەدیع و عەرووزی نامی، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.

– مدرس، ملا عبدالكريم (٢٠٠٥)، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تهران، ئێران.

– مدرس، مامۆستا مەلا عبدالكريمی مدرس (٢٠١٥)، الأنوار القدسية في الأحوال الشخصية، وەرگێرانی: عومەر شێخ نورەدین موفتی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کتێبخانەی بێخود، سەید صادق.

– مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم (٢٠١١)، یادی مەردان – مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم (٢٠١١)، یادی مەردان – شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسووبە دیارەکان، بەرگی دووهەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– مودەڕیس، عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم (٢٠٢٣ز)، باوەشێنی دڵ (١٩٠٠-٢٠٠٥)، ساغکردنەوەو ئامادەکردنی: پ. د. عرفان ڕەشید شەریف، چاپی سێیەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

– مودەڕیس، عەللامەی گەورەی کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریم (٢٠٢٣ز)، بەهار و گوڵزار، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

– مودەڕڕیس، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی (١٣٩٤ هەتاوی)، ڕۆژگاری ژیانم، ئامادەکردن و لەسەر نووسین: ڕەئووف مەحموودی، چاپی یەکەم، ناشر: انتشارات کردستان، ئێران.

– مودەڕڕیس، مامۆستا عەبدولکەریم (١٤٠٠هەتاوی)، فەرهەنگۆکی دووڕشتە (عەڕەبی-کوردی)، هەڵەگری و لەسەر نووسینی: موحەممەد موحەممەزادە، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.

– مەعروف، عەبدولدائیم هەورامانی (٢٠٠٧)، سەدەیەک تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە، چاپ و پەخشی نووسەر، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشک، شوێن؟.

– مەولەوی، عبدالرحيم تاوەگۆزی (٢٠٠٧)، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی: مەلا عبدالكريمی مدرس، چاپی چوارەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

– مەحوی، مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی (١٣٨١هەتاوی) دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالكريمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپی دووەم، انتشارات کردستان، ایران.

– نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی (١٩٧٦)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

– نورەددین موفتی، مەزهەر شێخ (ئامادەکردنی)، خەبات نەوزاد (سەرپەرشتیاری گشتی)، (٢٠٢١)، چەمکێک لە ژیان و کۆششەکانی عەللامەی مەزن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، پرۆژەی کتێبی NRT4، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاکردنەوە، هەولێر.

– هەمەوەند، فەقێ قادر (١٩٨٠)، کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، کۆکردنەوەو ڕاستکردنەوەو فەرهەنگۆک: مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:


- أحمد، أحمد محمد (؟)، الفرقة الناجية من منظور الشيخ عبدالكريم المدرس من خلال كتابه منظومة شريف في بيان الفرقة الناجية، مجلة الجامعة العراقية، العدد 63، ج 2، المكان ؟ .
- سراج الدين، الشيخ محمد عثمان النقشبندي (١٤١٠هـ-١٩٩٠م)، سراج القلوب، الطبعة الأولى، دار الأسد للطباعة والنشر، مطبعة النواعير، الرمادي، بغداد.
- سليم، د. جوامير مجيد (2001)، من أعلام الفكر في العراق، مجلة أوراق مجمعية، العدد: 1، بغداد.
- سعيد، عبدالله (٢٠١٢)، جهود الشيخ عبدالكريم المدرس الفقهيه، الطبعه الأولى، مطبعه ماردين، كردستان، أربيل.
- جميل، عابد حسن (2013)، الشيخ عبدالكريم المدرس وجهوده العلمية، مؤتمر، جامعة بنجول، تركيا.
- الرومي، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي للبغدادي (١٩٧٧)، معجم البلدان، تحقيق: فرديناندو ستنفيلد، لايبزع، المجلد الثالث، دار صادر، بيروت.
- المدرس، الشيخ عبدالكريم (١٩٦٩)، جواهر الفتاوي الى خير الزاد في الأرشاد، الجزء الثاني، مطبعة دار البصري، بغداد.
- المدرس، عبدالكريم محمد (١٤٠٣هـ - ١٩٨٣)، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عني بنشره: محمد علي القرداغي، الطبعة الأولى، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- المدرس، عبدالكريم (1410هـ - 1990م)، الأنوار القدسية في الأحوال الشخصية، مطبعة الجاحظ، بغداد.
- معروف، عبدالدائم الهورامي (2006)، الشيخ عبدالكريم المدرس وجهوده في التفسير وعلوم القرآن، رسالة ماجستير، كلية الإمام الأعظم، بغداد.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https**://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12419]
- **Submission Date:** [**2026/2/24**], **Accepted Date:** [**2026/3/31**], **Published Date:** [02/08/2026]